
# ئابووری سیاسی کوردستانی عێراق

شارنشینیی – بەتایبەتیبوون – مەحسوبییەت




نووسینی : دکتۆر میشێل لیزەنبێرگ

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: پ . دکتۆر یاسین سەردەشتی

سلێمانی / ٢٠٢٢

# ئابووری سیاسی کوردستانی عێراق•

## پێشەکی

شرۆڤەکارییەکان سەبارەت بە پەیوەندییەکانی نێوان کوردو دەوڵەت لەعێراقدا، بەو ڕێبازەدا ڕۆیشتووە کە بایەخ بە باری ئیتنیکی بدات وەک فاکتەرێکی روونکاریی و لێکدانەوەیی. هەرچەندە، ڕێبازێکی وەها کە لەسەر باری ئیتنیکی راوەستاوە، بەزەحمەت دەتوانێت شرۆڤەی هەر یەک لە ململانێی بەردەوامی نێوان حیزبە کوردییە سەرەکییەکان و هەروەها ئەو هاوپەیمانییە سیاسییە بکات کە لەنێوان هەندێک لە هەڵسوڕاوانی کوردو ئەوانەدایە کە گوایە نەیاری ئیتنیکییانن. بەوەش، یەکێک لە ناسراوترین ئەم حالەتە ناوازانە بریتییە لەو پەلامارو داگیرکارییەی هێزە هاوبەشەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان (پدک) و هێزەکانی سوپای عێراق لە ٣١ی ئابی ١٩٩٦دا، و دەرکردن و دەرپەڕاندنی هێزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان (ینک) بوو، لەهەموو جێگەو پێگەکانی لەناوچەکەدا (ئەگەرچی بۆ ماوەیەکی کاتییش بوو) ئەوەی زۆر لەچاودێرانی تووشی سەرسوڕمان کرد. زۆربەی شرۆڤەکارییەکان سەبارەت بەم رووداوە دراماتیکییە، لەسەر ئەو بابەتە نالۆژیکییە و گوایە رکابەرییە شەخسییە راوەستان کە لەنێوان سەرکردەکانی پارتی و یەکێتییدا، مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانیی، هەبوو، یان لەسەر دابەشبوونە خێڵەکییە دێرینەکان، یاخود تەنانەت دابەشبوونی سەرەتایی نێوان قسەکەرانی هەردوو دیالێکتی باکووری (بادینیی) و باشووری(سۆرانیی) وەستان. تەنانەت، لەباشترن حاڵەتدا، بۆ بەکەمگرتنی هەڵوێست و سیاسەتەکانی هێزە نێودەوڵەتییەکان. هەرچەندە، هەوڵگەلێکی بەم چەشنە، لە ریسکی تێکەڵاوکردنی پاڵنەرە سایکۆلۆژییە شەخسییەکان، لەگەڵ پرۆسەی بڕیارسازیی و پەرەسەندنە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکان، وادەکات ئەوانە بەئاراستەی کەمبایەخگرتنی ئەو سەربەخۆییە خودیە بەرچاوە

بڕۆن کە حیزب و لایەنەکان بەدەستیانهێنابوو لە چارەسەرکردنی ململانێ سیاسییەکانیاندا. بەوەش، شەڕی ناوخۆ بەچەواشەکراوی وێناکراوە وەک: ململانییەک لەنێوان لادێنشینە باکوورییەکانی پارتی کە بەبادینیی دەئاخفن، لەگەڵ باشوورییە شارەکییەکانی یەکێتی کە بەسۆرانیی دەدوێن. هەرچەندە، لەهەندێک کاتدا، حیزبەکان هەوڵیانداوە کە خەڵکەکە لەنێو ئەم هێڵە نیمچە ئیتنیکییانەدا تەیاربکەن، بەڵام ئەم هەوڵانە هیچ وەڵامیکی جددیی لەهەگبەدا نەبوو، هاوسۆزیی لەگەڵ پارتی و یەکێتی بەهیچ جۆرێک هاوجووت نییە لەگەڵ پاشخانی ئیتنیکی و ئاستی خوێندەواریی و شێوازی قسەکردندا.[1] بەڵام وێڕای شکستی حیزبەکان لە تەیارکردنی خەڵک بەدرێژایی هێڵە ئیتنییکییەکان و خێڵەکییەکان، دانیشتووانەکەش لەلای خۆیانەوە نەیانتوانی فشار بخەنە سەر حیزبەکان بۆئەوەی کەمتر توندوتیژیی بگرنەبەر، بەمانایەکی دیکە، ئەو گرفتەی کە دەبێت بەدیارییکراوی لێکبدرێتەوەو شرۆڤەبکرێت ئەوەیە کە حیزبە کوردییەکان چۆن توانیویانە سیاسەتێک بەدژی بەرژەوەندییەکان و خواستی خەڵک و دانیشتووانەکە بەگشتیی بگرنەبەر، بەڵام بێ سزادان لەم هاوکێشەیە دەربازبوون.

لەکاتێکدا بەشێک لەم هۆکاری ئەو دابەشبوون و ناکۆکیی و دوژمنایەتییە سیاسییە بەردەوامانە لەهەرێمەکەدا، بێگومان بۆ دەستێوەردانی هاوسێکان و وڵاتانی دەرەوە دەگەڕێتەوە، هەروەها هۆکاری ناوخۆیی و بونیادیی و ستراکتۆرییش بۆ ئەم ناکۆکیی و دابەشبوونانەو ئەو شێوازە دیارییکراو و تایبەتانەی لەم ساڵانەی دوایدا بەخۆیەوە گرتووە، لەئارادایە. من لێرەدا سەرنجی خۆم لەسەر ئەم فاکتەرە لۆکاڵییانە چڕدەکەمەوە.[2] دیدی من لەرێگەی چەند کۆنسێپت و چەمکی ئابووری سیاسییەوە پێشاندەدرێت، بەشێوەیەکی تایبەتیش لەڕێگەی چەمکی (مەحسوبییەت یان پارێزگاریلێکەر patronage) ەوە. لەم نووسینەدا، جەخت لەسەر وەرچەرخانی سیستمی مەحسوبییەت لەشارەکانی ئەمڕۆی کوردستانی عێراقدا دەکرێتەوە، هەوڵدەدەم وەسفی ئەوە بکەم کە چۆن وێڕای ئەو گۆڕانکارییە قووڵ و

بونیادییە گەورانەی بەسەر ناوچەکەدا هاتوون، ستراکتۆری خێڵ و ستراکتۆرە نەریتییەکانی دیکە بەردەوامبوون و تەنانەت بایەخ و گرنگیان پەیداکرد! هەندێک هۆکاری کۆمەڵایەتی-ئابووری گرنگ لەپشت ئەم پەرەسەندنەوە بوون، یەکەمیان دەرکەوتنی کەرتی تایبەت و دەرکەوتنی فۆرمی سەرمایەداریی دەوڵەتیی لەعێراق لەسالانی ١٩٧٠کانەوە بەرەو سەر، دووەمیشیان کارلێک و کاریگەریی نێوان هەرێمەکەو بازاڕی نێودەوڵەتی. جەخت لەشارنشینی لە نووسینەکەدا خۆی لەو راستییەدا دەبینێتەوە کە شارەکانی کوردستان، بەشێوەیەکی گەورە پشت بە ستراکتۆری دەوڵەت دەبەستێت، سەرکردە خێلەکییەکان، خودان و ئەربابە سیاسی و ئابوورییەکان پێکەوە گشتیان بوونەتە شارنشین. من مشتومڕ لەسەر ئەمە دەکەم، ئەوان ئەو ستراکتۆرەیان بۆ قازانجی خۆیان قۆزتۆتەوەو دەسەڵات و پارەیەکی زۆریان کەڵەکەکردووە. لەپاش راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١، ئەوان توانیان دەسەڵاتی خۆیان هێشتا فراوانتر بکەن، بەواتایەکی دی، ناکرێت بەشێوەیەک سەیری دابەشبوونە خێڵایەتییە ئەمڕۆییەکان و ئەوانی دیکە بکرێت وەک ئەوەی پاشماوەی ستراکتۆرو بونیادە کۆمەڵایەتییە نەریتییەکان بن، بەڵکو هەروەها وەک ستراتیژی کۆمەڵایەتیی کە لەچێوەی شارنشینیی هاوچەرخدا ئەرکدارە. هەرچەندە لەبەر نەبوونی ماتریاڵ و سەرچاوەی زۆر باوەڕپێکراوی ئابووری و کۆمەڵایەتی، ناتوانم جگە لەپێشکەشکردنی وێنەیەکی بەرایی و جۆریی سەبارەت بەو پەرەسەندە کارێکی زیاتر بکەم.[3]

## یەکەم: پاشخانی تیۆریی: ئیتنیکی ، ئابووری ، مەحسوبییەت

دەگمەنیی ڕێژەیی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی- زانستیی سەبارەت بە کوردی عێراق (هەروەک سەبارەت بەکورد بەگشتیی) بابەتێکە مایەی سەرسوڕمانە، بەلەبەرچاوگرتنی گرنگیی هەرێمەکە سەبارەت بە سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی چەندین وڵات، زۆربەی ئەو نووسینە ڕۆژنامەوانیی و ئەکادیمییانەی بە زمانەکانی ڕۆژئاواییەکان نووسراون بەزۆری، ئەگەر نەوترێت بەتایبەت، بایەخ بە فاکتەرە سیاسییەکان دەدەن، کەمێکیش لە نووسەرە کوردەکان لەدۆخێکی نیگەرانیی ئەوتۆدا بوون کە دیدو بۆچوونی خۆیان بەشێوەیەک ڕابگەیەنن ئاشکرای بکەن و بێئەوەی ریسکی ئەوە بکەن کە بەلایەنگری یەکێک لەلایەن و حیزبە ناکۆک و ململانێکەرەکان ناوزەدبکرێن.[4] هەرچەندە، وەک وترا زۆربەی پەرەسەندە کۆمەڵایەتی- ئابوورییەکان و تەنانەت سیاسییەکانیش بەتەواوی نایەتەوە، بەڵکو لەراستییدا لەوانەیە تاڕادەیەکی زۆریش بەشاراوەیی بمێنیتەوە لەبارەی ئەم دیدەی کەلەسەر بنەمای شەخسیی و ئیتنیکی ڕاوەستاوە. پێدەچێت مشتومڕی تیۆری کراوەتر چاومان لەحاست پەرەسەندە کەمتر ئاشکراکان بکاتەو، هەروەها ڕێچکە لێکۆڵینەوەی زێدەترمان بخاتەبەردەم بۆ شرۆڤەکردنی ئەو ڕووداوانەی کە لەوانەیە تێگیەشتن و درککردنیان گران بێت. لەلایەکەوە، ئەوە وادەکات کە کەمتر جەخت لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئیتنیکی یان نەتەوایەتی وەک بزوێنەری سەرەکیی پەرەسەندنە ناوخۆییەکان لەنێوان کورد و عەرەبدا بکرێتەوە. بێگومان، لەکاتێکدا لەبەرچاوگرتنە سیاسییە نەتەوایەتییەکان ڕۆڵی خۆی بینوە، بەڵام هەروەها چەندین ڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری سەختتر هەیە بۆ سیاسەتەکانی حکومەتی عێراقیی.[5] بەشێوەیەکی گشتیی، دەتوانرێت لەزۆربەی نووسینەکانی

تایبەت بە کوردستانی هاوچەرخدا، (مۆدێلی مۆزایکی) لەبارەی شوناسی ئیتنیکییەوە خۆی وێنا بکات و ببینرێتەوە، بیرۆکەی ئەوەی کە گروپە ئیتنیکییەکان یان تائیفی و مەزهەبییەکان هاوشێوەی کوردو عەرەب، بەجیاو بۆ هەمووانیش سیفەتیان پێ بدرێت، هەروەها ئاکاری کۆمەڵایەتی بەپلەی یەکەم کاتێک دیارییدەکرێت کە مرۆ : کورد یان عەرەب یاخود موسوڵمانێکی سوننی...هتد بێت. هەرچەندە، مرۆ ناتوانێت بەشێوەیەک گروپێکی ئیتنیکی وەکو کورد وەربگرێت وەک ئەوەی کە چەسپاوەو قابیلی گۆڕان نییە. شوناسی ئیتنیکی و مەزهەبیی یاخود شوناسی خێڵەکیی، راستییەک نییە لەراستییەکانی سروشت بۆ دیارییکردنی ئاکاری کۆمەڵایەتی کە بەهیچ شێوەیەک گومانی نەخرێتەسەر، بەڵکو دەتوانرێت لەوەش زیاتر بزانرێ کەخودی خۆی بە خزمەتی چ مەبەستێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەکاردەهێنرێت.[6] زێدەباری ئەوەش، مرۆ ناتوانرێت زیادەڕەوی لە جەختکردنەوە لە بوارە سیاسییەکە یان بڕیارە شەخسییەکانی ئەوانە بکاتەوە کە لەدەسەڵاتدان. لەپەرەسەندنە کۆمەڵایەتییەکاندا، پێدەچێت بڕیارە سیاسییەکانی حکومەت بەهۆی پەرەسەندە کۆمەڵایەتییە – ئابوورییە بەرفراوانەکانەوە، تاڕادەیەکی هەندەکیی سنووردار و تەنانەت ناکامیش بێت. ئەوەش بەمانای نکۆڵییکردن نییە لە کاریگەریی هەژموندارو بەهێزی بوارە سیاسییەکە لەعیراقدا، پێویست ناکات بوترێت کە سیاسەتەکانی بەعس بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دەستوەردانی بێزارکەرانەی لەژیانی رۆژانەی هاوڵاتییان دەکرد. هێشتا دەبێت مرۆ خۆی لەوە ببوێرێت کە زێدەڕەوانە جەخت لە رۆڵی رابەرە سیاسییەکان لەبڕیارە سیاسییەکاندا بکاتەوە.

لەو رووەوە مشتومڕ کراوە، دیدی ئابووری سیاسی، کە سەرنجی خۆی لەسەر پەرەسەندنی پەیوەندییە چینایەتییەکان و شێوازەکانی بەرهەمهێنان چڕدەکاتەوە کە پەیوەستە بەهەموو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی، دەتوانێت هاوکاری توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان بکات لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ رزگاربوون لە گریمانە ئەوروپییەکان (بۆ نموونە Farsoun & Hajjar 1990). سەبارەت بەعێراق و

کوردستانی عێراق، توێژینەوەیەکی سەرەکی نووسراو لەم دیدەوە، لەراستییدا بریتییە لە کتێبەکەی "حەنا بەتاتۆ: چینە کۆمەڵایەتییە دێرینەکان و جوڵانەوە شۆڕشگێڕییەکان لە عێراقدا (١٩٧٨)" کە باسی گۆڕانی حاڵەتی وەک توێژو تاقمە کۆنەکانی وەک: شێخ و سەرکردە خێڵەکییەکان دەکات، بۆ چینی کۆمەڵایەتی نوێ کە لەسەر بنەمای موڵکایەتیی تایبەت بۆ زەوی و سەرمایەی بازرگانی بنجی داکوتاوە. لەرووی شرۆڤەکارییەوە، ئەم رێبازانە پێشکەوتنێکی گەورە بەدیدێنێت بەسەر مۆدێلە وشکەکانی (مۆزایک) کە لەسەرەوە تێبینیکراوە، چونکە لەبنەمادا دەتوانێت گۆڕانی سروشتیی وەفاداریی و لایەنگرییە ئیتنیکی و خێڵەکییەکان بە رووی گۆرانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان لەبەرچاو بگرێت. یەکێک لەو جۆرە رێبازە سیاسییە-ئابوورییە باوانە بریتییە لە (تیۆری وابەستەیی / dependency theory) ئەوەی جەخت لەبەستنەوەی لە بەستنەوەی وڵاتانی جیهانی تازەپێگەیشتوو بە بازاڕی جیهانیی دەکاتەوە. ئەم چێوە فراوانەی سەرمایەداریی نێودەوڵەتیی لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا (گەشەپێدانی وابەستە / Depndent development ) دەڕوات. کە تاڕادەیەکی زۆر بەهۆی کاریگەریی سەرمایەداریی بێگانەوە دیاریدەکرێت، ئەو وەک باوە مادەی خاو بۆ بازارەکانی جیهانیی دابیندەکات، هەروەها زانیاریی تەکنەلۆژی و بەرهەمە پیشەسازییەکانیش لەدەرەوە هاوردە دەکات. رێبازی تیۆری وابەستەیی دەشێت دیدو درکی گرنگی سەبارەت بە گەشەکردن و پەرەسەندنی ئابووری عێراقی هەبێت کە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی پشتی بە هەناردەکردنی نەوت دەبەست.[7] هەرچەندە ئەم رێبازە بەشێوەیەکی زێدە جەخت لەسەر فاکتەرە دەرەکییەکان دەکاتەوە لەسەر حسابی گۆڕانە ناخۆییە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان. ئەمەش، بەتایبەتی گرفتئامێزە بۆ ئەو حاڵەتانەی کە تیایدا کاریگەریی دەوڵەت لەسەر ئابووری لۆکاڵی ناوخۆ بەهێزە وەک وڵاتی عێراق. دەولەتی عێراق هەر لەسەرەتای ١٩٧٠کانەوە، هەڵسوڕێنەری کارای ئابووری بوو، چ وەک وەبەرهێنێک یاخود وەک بازرگانی شمەک و کالا بەرهەمهێنراوەکان. لەوەش زیاتر،

عێراق بەشێوەیەکی لێزانانە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی کاڵای بیانی وەک چەک و پاڵپشتی دارایی بۆخۆی مسۆگەرکردووە، بەوەش دەتوانرێت وەک (وابەستە / dependent) بەمانا گشتییەکەی وەسف بکرێت.[8] بەگشتی، بەکارهێنانی رووە کلاسیکییەکانی ئابووری سیاسی دەبتە هۆی پشتگوێخستنی فاکتەرەکانی دیکەی وەک ئیتنیکی و مەزهەبیی و لایەنگرییە خێڵەکییەکان( هەرچەندە کە بەتاتۆ بۆخۆی باش ئاگاداری ئەم رەهەندانەیە، هەروەها لەشرۆڤەکارییەکانیشیدا بەدەگمەن لەمانە بێئاگا دەبێت). مرۆ نابێت رووە ئیتنیکی و مەزهەبییەکان وەک بەخشش ببینێت، بەڵام نابێت لە شرۆڤەکاریی هەر یەکێکدا پشتگوێ بخرێت یان بە کەمبایەخ سەیربکرێت.[9]

یەکێک لەئاڵەنگارییە گرنگەکان بۆ رێبازی کلاسیکی ئابووری سیاسی ئەو راستییەیە، کە لەکوردستانی عێراقدا، پێناچێت هۆشیاریی چینایەتی و ئاکاری کۆمەڵایەتی کە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی لەسەر بنەمای چینایەتیی وەستابێت، زۆر پەرەیسەندبێت. وێڕای ئەو ئایدۆلۆژیا فەرمییەی زۆربەی حیزبە لۆکاڵییەکان کە لە مارکسیزمەوە هەڵگۆزراوە، هەروەها ئەو دروشمە هێشتا بەربڵاوە بریقەدارە سۆشیالیستیانە (هەروەک لەشوێنەکانی دیکە لەساڵانی ١٩٨٠کان و ١٩٩٠کاندا، کێشکردنێکی زۆر بۆ هێزە ئیسلامییەکان هەبوو، بەڵام بە دەگمەن ئەگەر ئاماژە بۆ چین کرابێت) . ئەمەش خاڵی دەستپێکی ئەم شرۆڤەکارییەیە.دیدو ئاسۆی ئەم شرۆڤەکارییە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی دیدێکی ئابووری سیاسییانەیە، بەڵام بایەخێکی تایبەتیش بەفاکتەرەکانی دیکە دەدات کە لەگەڵ پرۆسێسی پێکهاتنی چینایەتییدا بەنێویەکترداچوون. لەوانەیە بەشێوەیەکی فراوان بتوانرێت لە رێگەی چەمکی (مەحسوبییەتەوە) ئاماژە بەو چەمکانە بدرێت. پەیوەندییەکانی (پارێزگارییلێکەر – وابەستە / Patron-client) پەیوەندییگەلێکی هێزێکی نابەرابەرە کە زۆر جیاوازە لەو رێکخراوانەی کە لەسەر بنەمای خزمایەتییە وەک پەیوەندییەکانی هێز لە بیرۆکراتییە یاساییە ناوەندگەراکاندا. ئەو پەیوەندییانە زۆر کەم وەک پەیوەندییگەلێکی رەوا سەیردەکرێت. ئەوانە بەشێوەیەکی راستەوراست پەیوەندییە

چینایەتییەکان دەبڕن و ئەو ڕێبازە دەگرێتەخۆ بۆ ڕوودانی "کە هیچ گروپێکی پێکەوەیی ڕاستەوخۆ دەستوەربداتە نێوان کەسی وابەستی پۆتێنساڵ و پارێزگارییلێکەری پۆتێنسالەوە" و بونیادی دامەزراوە فەرمییەکانی کۆمەڵگا بەشێوەیەک لاوازە، کە ناتوانێت بڕی چەسپاو و پێویست لەکاڵاو خزمەتگوزارییەکان پێشکەش بکات ( :Wolf 1966 17-18; cf. Gellner 1977; Roniger & G.nes-Ayata 1994) ئەم ناساندنە پێدەچێت لەگەڵ ئەوم دۆخەی تایبەت بە بەعسی عێراق ناکۆک بێت، ئەوەی نەک تەنیا هەتاوەکو کۆتایی ساڵی ١٩٩٠ دامودەزگای دەوڵەتی بەهێزو تۆکمەی هەبوو، بەڵکو بە ستراکتۆری خێلەکیی چەسپاویش دەناسرا. هەرچەندە، من مشتومڕ لەوبارەیەوە دەکەم کە هەریەک لە گەشەکردن و پەرەسەندنە ئابوورییەکان و سیاسەتەکانی دەوڵەت لەراستییدا، هانی وەرچەرخانی وەفادارییە خێلەکییەکانی دا بۆ پەیوەندییەکانی (پارێزگارییلێکەر – وابەستە) کە سروشتێکی زێدەتر ئاڵۆزی هەیە.[10]

لەنموونەی کۆمەڵگا هەماهەنگەکاندا، کە تیایدا هەموو پەیوەندیی و دەزگاکان بەشێوەیەکی بنەڕەتیی وا وەردەگرێت وەک ئەوەی بەشداربێت لە پێکەوەگرێدانی کۆمەڵایەتی، مەحسوبییەت فۆرمێک لە جۆرێک (ناوەندگیریی / mediation) لەنێوان تاکەکان و دەوڵەتدا (یان لە فۆرمی شێخەکاندا یان پاریزگارییلێکەرە ئاینییەکانی دیکە و ڕۆحانییەکان) هەرچەندە، (گلیسنان / Gilsenan (1977)) لەوبارەیەوە مشتومڕی کردووە کە پارێزگاریلێکەرەکان وەک جۆرێک لە (چەسپێکی کۆمەڵایەتی/ social glue) یاخود ناوەندگیرێک دەرناکەون کاتێک کەلێن لەسیستمی کۆمەڵایەتییدا دەردەکەوێت، یاخود لەکاتێکدا کە پێویستییەکی ڕاستەقیینە بۆ بوونی ناوەندگیرێک لەنێوان تاک و دەوڵەتدا دەردەکەوێت، بەڵام زیاتر وەک ئەنجامێکی وەرچەرخان و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییە- ئابوورییەکان. لەدیدی ئەوەوە، پەیوەندییەکانی مەحسوبییەت کار بۆ ئەو شێوە هەنوکەییانەی هەژموون و قۆرخکاریی سیاسی دەکات بەرووی گۆڕانکاریی بونیادو ستراکتۆرە ئابوورییەکاندا. بەوەش ناکرێت بەشیوەیەک سەیری ئەو

پەیوەندییە هاوچەرخانە بکرێت وەک لەنێوان پارێزگاریلێکەر – وابەستە وەک تەنیا پاشماوەیەکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیە نەریتییەکەی وەک : وەفادارییە خێلەکیی و ئاینییەکان، لەدەوڵەتی هاوچەرخدا، ئەوانە لەراستییدا دەتوانێت لەرێگەی تایبەتمەندییە دیارییکراوەکانی دەوڵەتی هاوچەرخەوە شکڵبگرێت. دیارە مەحسوبییەت و وابەستەگەرایی تەنیا بەولاتە هەژارەکانەوە پەیوەست نییە، پێدەچێت پەیوەندییەکی راستەوخۆ لەنێوان پەرەپێدانی ئابووری و بەهێزی پەیوەندییەکانی پارێزگارییلێکەر – وابەستەدا هەبێت(بڕوانە: دوا سیمای گرنگی ( Arlacchi 1983 ,Rooduijn1987, مەحسوبییەت لە دیدی ململانێوە بریتییە لەو راستییەی کە پێدەچێت ئەوانە لەدژی باشترین بەرژەوەندییەکانی وابەستەکان کاربکەن. بەوەی کە ئەوانە بەئاراستەی ئەو دابەشبوونە ناهاوتا درێژخایەنە هەنوکەییانەی مادەو سەرچاوەکانی دیکەدا گوزەردەکەن، بەوەش بەو رێبازەدا دەڕوات کە وابکات وابەستەکان پشت بە پارێزگارییلێکەرەکان ببەستن. ئێستاکە ئەو تایبەتمەندییە شارەکییە چییە کە لێرەدا دەبێت سەبارەت بە گرفتەکان مشتومڕی لەبارەوە بکرێت؟ سەرەتا کوردستانی عێراق و لەراستیشدا عێراق خۆی بەگشتی، بەتەواوی لەپاش ساڵانی سەربەخۆیی رووی لە شارنشینی کرد. ئەم شارنشینییە جێگیرو بەردەوامە، کە نزیکەی لەساڵانی ١٩٣٠کانەوە دەستییپێکرد، وەرچەرخانیکی کۆمەڵایەتی فرە گرنگی هێنایەئارا، بەڵام ئاسەوارو ئاکامەکانی زۆر بەکەمی لێی کۆڵراوەتەوە. لەسەرەتادا، ئەو وەرچەرخان و شارنشینییە بەگشتی بەهۆی خراپبوونی دۆخی ژیان بوو لەگوندولادێکاندا، بەلام لەگەڵ پەرەسەندن و گەشەکردنی هەلی نوێی کارو خوێندن و پەروەردەو بزاڤی کۆمەڵایەتی لەشارەکاندا، بەردەوامبوو. بەهاتنی ساڵی ١٩٦٥، زیاتر لەنیوەی دانیشتووانی عێراق لەشارەکاندا دەژیان، لەساڵی ١٩٨٠دا، ئەم رێژەیە بۆ ٧٠%ی دانیشتووان هەڵکشا :(Farouk-Sluglett & Sluglett (1990 .((246; cf. 227 ناوچە کوردییەکە لەم پرۆسەی شارنشینییە وەپاشکەوت، لەساڵی ١٩٧٧دا، ٥١% دانیشتووانە لۆکاڵییەکە

لەلادێکاندا دەژیان (cf. Marr 1985: 285)  هەرچەندە، ساڵانی پاشتر، پرۆسەیەکی کۆچکردنی بەردەوامی بەخۆوەبینی بەشێوەیەکی خۆویست و هەروەها بەشێوەی کۆچاندنی بەزۆریش، بەرەو شارەکان و موجەمەعاتەکان و کەمپەکانی نیشتەجێکردن لەهەرێمەکەدا.[11]

پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە، کە لەبەرچاوگرتنە ئیتنیکی و سیاسییەکان لەلایەن حکومەتەوە تەنیا یەکێک لەو هۆکارانە بووە بۆ ئەم شارنشینییە، ریفۆرمی پەرەسەندوی زەوی ساڵی ١٩٧٥ هیچ بەتەواویی جێبەجێ نەکرا. بەهەرحاڵ، کاریگەرییەکان بەرادەیەکی گەورە بەهۆی بەتایبەتبوونەوە لەساڵانی ١٩٨٠کاندا، پاشەکشەیان کرد، بەتایبەتی یاسای ژمارە ٣٥ی ساڵی ١٩٨٣، کە ر یگەیدا بە بەکرێگرتنی رووبەرێکی بەرفراوانی زەوی لەلایەن لایەنگرو ئەندامانی حیزبی بەعسەوە ( Springborg 1986; cf. Leezenberg 1997b: 47-8) لەنێوان ساڵانی ١٩٧٥-١٩٧٩دا، نەبوونی پەرەپێدانی گوندەکان لەپاش ریفۆرمی زەوی ساڵی ١٩٧٥دا، زۆربەی کوردانی ناچارکرد کە بەرەو شارەکانی باکووری عێراق کۆچ بکەن. (Farouk-Sluglett & Sluglett 1990: 187). بەگشتی لەعێراقدا، لەسەرەتی ١٩٧٠کاندا، بەرهەمی کشتوکاڵی بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش پاشەکشەیکردو هەروەها شارنشینیش بووە دیاردەیەکی زەقی نیشتیمانی.

نزیکەی لەکۆتایی ١٩٧٠کاندا، شکستی ریفۆرمە یەک لەدوایەکەکان بووە شتێکی روون، بەشێکی زۆر لە زەوییەکانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لەدەستچوون، چ بەهۆی شۆرەکاتەوە بێت یاخود لەرێگەی وێرانکاریی بەئەنقەستەوە. لەهەمان کاتدا، شار، هەروەک سوودمەندێکی سەرەکیی خەرجییەکانی دەوڵەت، بووە جێگایەکی سەرنجڕاکێش بۆ ئەوانەی بەدوای کاردا دەگەڕان. لەساڵانی ١٩٧٠کان و ١٩٨٠کاندا، لەناوچە شارنشینەکاندا، بەتایبەتی لەکەرتی تایبەتدا، کرێی کار بەشێوەیەکی بەرچاو هەڵکشا، هەروەها شارەکان بوونە شوێنیکی سەرنجڕاکێش بەهۆی ژێرخانی باشتری تەندروستیی و پەروەردەیی تیایاندا. ئەم هێزی کارە کە لەلادێوە بەرەو شار

کۆچیانکردبوو تارادەیەکی زۆر لەو کەرتە خزمەتگوزارییە دامەزران کە "بێبەرهەم" بوو، ئەوەی تیایدا دەوڵەت خاوەنکاری گرنگ بوو(Stork1982: 42 ) بەو مانایەی کە زۆربەی ئەو توێژینەوە ئەورۆپییانەی سەبارەت بە کوردستانی عێراقن دەبێت بەشێوەیەکی مەزەندەیی سەرنج لەسەر دۆخی شارنشینیی چڕبکەنەوە. تەنانەت ئەو توێژینەوانەشی سەبارەت بە پەرەپێدانی کشتوکاڵین، ناتوانێت خۆی لە بایەخپێدانی دیارە شارەکشییەکانی وەک : خستنەبازاڕی بازرگانی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و هەوەها موڵکدارە نادیارەکانی زەوی..هتد، بەدووربگرێت.[12]

لەوەش زیاتر، دەتوانرێت بوترێت کە لەچێوە نوێیە شارەکییەکاندا، پەیوەندییەکانی مەحسوبییەت ژمارەیەکی تایبەتمەندی نوێی گرتەخۆ، لێرەدا، سەرنج لە کارەکتەری (نافەرمی بەشێوەیەکی هەندەکیی) پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان چڕدەکەمەوە کە لەشارەکاندا بەربڵاون، بەگویرەی (لاپیدوس (1967) Lapidus) ئەوەی مشتومڕی لەوبارەیەوە کردووە کە مرۆ نابێت خودی (شارە ئیسلامییەکان) بتوێژێتەوە، بەڵکو پێویستە زیاتر سەرنج لەسەر فۆرمی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکان لەو جۆرە شارانەدا چڕبکاتەوە. بەدیدی ئەو، پەیوەندییە نافەرمییەکان : ئیتنیکی، خزمایەتیی ، ئاینیی، وەک فاکتەرێکی چەسپاو دەمێننەوە لەناوەندی وەرچەرخانە ئابوورییەکاندا. لەکاتێکدا هێشتا دەبێت هەڵسەنگاندن بۆ ئەوە بکرێت کە پەیوەندییە نافەرمییەکان چەندە دەکەونە ژێر کاریگەری گەشەکردنە ئابوورییەکان. فرە بەردەوامیشیان بەڵگەیە بۆئەوەی کە مرۆ دەبێت لە دووانە ساکارەکەی (شارەکیی و لادێی) یان (نەریتیی و مۆدێرن) و هاوشێوەکانیان بەئاگا بمێنیتەوە.

## دووەم : شارنشینیی، ستراکتۆری چینایەتیی و مەحسوبییەت لەناو بەعسی عێراقدا

لەماوەی سەردەمی پاشایەتی، چینەکانی موڵکداری زەوی و بازرگانە نەریتییەکان تاڕادەیەکی زۆر لەم گەشەپێدانی هۆش و چینایەتییەدا شکستیانهێنا، بەزۆریش بەهۆی دابەشبوونە مەزهەبیی و ئیتنیکی و نەتەوەییەکان و دابەشبوونی دیکەی ناوخۆیان، هەروەها بەو هۆیەش کە ئەوانە وەک پێویست و بەتەواویی گرێنەدران بە دەوڵەتی عێراقەوە بۆئەوەی درک بەو پەرەسەندن و گەشەکردنە خێرایەی کۆمەڵایەتی –ئابووریی بکەن. لەساڵانی ١٩٥٠کاندا، ئاراستەگەلێکی کۆمەڵایەتیی نوێی بەخۆوە بینی وەک : گەشەکردنی پرۆلیتاریای شارەکیی، هەڵکشانی بزاوتی کۆمەڵایەتی وردەبۆرجوازیی، بەتایبەت لەنێو سوپادا، لەپاش شۆڕشی ١٩٥٨، داهاتی نەوت و سەربەخۆیی نێوخۆیی بەشێوەیەکی چەسپاو هەڵکشا، حکومەتە یەک لەدوایەکەکان هەوڵیاندا(بەپلەی جیاواز لە جەختکردنەوەو سەرکەوتندا) کە دەسەڵاتی سیاسی موڵکدارەکانی زەوی تێکبشکێنن، بەتایبەتی لەرێگەی دەرکردنی یاسا و جێبەجێکردنی چەندین ریفۆرمی زەوی یەک بەدوایەکی سەرکەوتوو(لانیکەم تاڕادەیەکی رێژەیی). ساڵانی ناجێگیری ١٩٦٠کان، ململانێیەکی بەردەوامی لەنێوان بژاردەکانی نوێی حوکمڕانی لەسەر دەسەڵات بەخۆوە بینی، بەپێچەوانەی ئەمەوە، موڵکدارانی زەوی پێدەچوو کە زێدەتر بنەمای دەسەڵاتی خۆیان لەدەستبدەن. لەپاش کودەتای ساڵی ١٩٦٠، حکومەتی نوێی بەعس ریفۆرمی نویی زەوی جێبەجێکرد، بەتایبەت لەرێگەی یاساکانی ژمارە ١١٧ی ساڵی ١٩٧٠ و ژمارە ٩٠ی ساڵی ١٩٧٥. ئەوەی ئامانجی زیاتر لاوازکردنی موڵکدارە نەریتییەکانی زەوی بوو. وێڕای ئەوەش، کشتوکاڵ، یەکێک نەبوو لە بایەخە پێشینەییەکان لەسیاسەتی ئابووریدا، خۆماڵیکردنی داهاتی نەوت لەساڵی ١٩٧٢دا، زەمینەی بۆ ئەو سەرچاوەیە چاوەڕوانکراوە بێوێنەیە رەخساند بۆ خەرجییە حکومییەکان، زۆربەی ئەو داهاتە داراییەی هاتەبەردەست لەچێوە

شارنشینییەکەدا خەرجکرا، بەتایبەت لە پیشەسازیی و بنیاتناندا. لەماوەی سالآنی ١٩٧٠کاندا، کەرتی بنیاتنان زۆر لەکەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازیی تێپەڕاند لەهەریەک لەرێژەی بەرهەمی خۆماڵی و هەروەها وەبەرهێنانی حکومییشدا. سامانی نەوت و هەڵکشانی سێکتەری دەوڵەتیی، پەرەسەندنێکی خێرای سەبارەت بە دەوڵەتی رەفاهییەت و ساماندار بەشێوەیەک لەشیوەکانی سەرمایەداری دەوڵەت راگەیاند. کەرتی تایبەت سڕنەکرابوو، یەکێتییە پیشەییەکانیش لەژێر کۆنترۆڵێکی سیاسی توندا بوون.[13] لەماوەی کۆتایی سالآنی ١٩٧٠کان، شارنشینیی خێراکراو، لەگەڵ ئەو هەموو تواناو ئیمکاناتە بۆ پەروەردەو تەیارکردنی کۆمەلآیەتی، ریفۆرمی زەوی و زێدەبوونی دەسەلآتی دەولەت بەشێوەیەکی گشتیی، فشارێکی بێوێنەی خستەسەر موڵکدارانی زەوی و سەرۆک خێڵەکان. لەراستییدا زۆربەی چاودێران لەو کاتەدا پێیان وابوو کە هەڵکشانی دەوڵەتی رەفاهی عێراق لەوانەیە ببێتە هۆی داکشانی زێدەی بایەخی کۆمەلآیەتی توێژە نەریتییە فەرمانڕەواکان. بەم چەشنە، بەگوێرەی بەتاتۆ (١٩٧٨)، بناغەی دەسەلآت ( بەتایبەت موڵکایەتی تایبەت بۆزەوی) ئەم توێژانە لەکۆتایی سالآنی ١٩٧٠کاندا، بەتەواوەتی شکێنران. بەشێوەیەکی گشتیی. بەشێوەیەکی گشتیی، سیاسەتی کۆمەلآیەتی عێراق لەسالآنی ١٩٧٠کاندا، ئامانجەکەی بریتبوو لە "گواستنەوەی لایەنگیریی سیاسی لەستراکتۆری خزمایەتییەوە بۆ دەوڵەت، ئامانجەکە بریتی نەبوو لە لەناوبردنی جیاوازییە چینایەتییەکان، بەڵکو بۆ چاکسازیی کۆمەلآیەتی لەچوارچێوەی دەوڵەتی رەفاهدا." [14]

بەوەش پێدەچێت، کە لەکۆتایی سالآنی ١٩٧٠کانداو سەرەتای ١٩٨٠کان، ستراکتۆری خێڵەکیی لادێی کە لەسەر بنەمای موڵکایەتیی زەوی وەستاوە، بەقەیرانێکی مەترسییداردا تیپەڕبێت.[15] بەلآم ئەم ئاراستەیە ئەگەر وابێت، بەهۆی پەرەسەندنەکانی سالآنی ١٩٨٠کان و سەرەتای ١٩٩٠کان لەکوردستانی عێراقداو لەوانەیە لەعێراقیش بە گشتیی، پێچەوانە بووبێتەوە. لەکۆتایی سالآنی ١٩٨٠کاندا، بەشێک لەسەرکردە خێڵەکییەکان دەرفەتێکی نوێی ژیانیان دەستکەوت، بەلآم

ئەمجارەیان لەچێوەی بەرفراوانی شارەکییدا. جەختکردنەوە لەسەر پەیوەندییە خێڵایەتیی و عەشیرەتییەکان لەڕێگەی کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییەوە هاندرایەوە. سەرەتا پرۆسەی (بەتایبەتیبوون privatizations/ ) لەساڵانی ١٩٨٠کاندا، زەمینەی شیاوی بۆ وبەرەهێنانی تایبەت هێنایەئارا. سەرۆک خێڵەکانی لایەنگری دەوڵەت دەرفەتی نوێیان دەستکەوت و بۆ زێدەکردنی سامانەکانیان چ وەک بازرگان و چ وەک بەڵێندەر لەکاری پرۆژە قازانجبەخشەکان کە دەوڵەت ئیدارەی دەکرد. زۆر لەسەرکردە خێلەکییەکان بوونە وەبەرهێنەرو بەڵێندەری شارەکیی، پرۆژەکانی بنیاتنان بەشێوەیەکی تایبەت قازانبەخشبوو، چونکە دەرفەتێکی گەورەی بۆ گەندەڵیی تێدا بوو. ئەم رەوشە هاوکاربوو بۆ وەرچەرخان و گۆڕینی چینی موڵکداری زەوی "پێش سەرمایەداریی" بۆ چینیکی سەرمایەداری سەرسەخت کە چنگخستنی پارەو سەرمایە بووە سەرچاوەیەکی سەرەکیی دەسەڵات و پلەو پایەیان.

لەم ماوەیەدا، بەشێکی زۆری دانیشتووانی شار، راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، پشتیان بەحکومەت دەبەست، ئەویش یان لەڕێگەی کارکردن لەکەرتی دەوڵەتیی، یاخود لەریگەی کەرتێکی تایبەت کە بەداواکاری دەوڵەت جێبەجێدەکرا.[16] بوونی ژمارەیەکی زۆر لە رەگەزی نیر لە خزمەتی سەربازیی راستەقینەدا، وایکرد ژمارەی کارمەندان کەم بێتەوە، ئەوەش ژمارەیەکی زۆری ژنانی راکێشایە بوارە کارکردنەوە لەشارەکاندا. هەروەها تاڕادەیەکیش دابەشکردنی ئیتنیکی سەبارەت بە کارکردن پەرەیسەند، ژمارەیەکی زۆر لەکرێکارانی ناهونەریی بەتایبەت لەمیسرو سودانەوە، لەکەرتی نافەرمی تایبەتی شارەکیی (بەتایبەت لەکاری بنیاتنان و دوکان و چێشتخانەکان) دا کاریان دەکرد. لەکاتێکدا هاوڵاتیانی عێراق زۆربەی کات لەو دەزگا خزمەتگوزارییانە کاریان دەکرد کە پەیوەستبوون بە دەوڵەتەوە. بەگشتیی ئەو سامانەی کە بەسەر کۆمەڵگادا رژا لەرێگەی خۆماڵییکردنی داهاتی نەوتەوە لەساڵی ١٩٧٢دا، وای لەحکومەت کرد بتوانێت ئابوورییەکی تێکەڵاو پێکبهێنێت، کە تیایدا نە ئەوەبوو دەوڵەت

و نە ئەوەی کە کەرتی تایبەت تیایدا بەتەواویی باڵادەستبێت. ئەم سیاسەتە حکومییانە (چ بە مەبەست بێ یان نا) ڕێگەی لەگەشەکردنی بەهێزی هۆشیاری چنایەتیی لەنێو دانیشتووانەکەدا گرت(Springborg 1986: 46, 51-2). بەوەش هیچ ئاڵەنگارییەکی مەترسییدار لەسەر بنەمای چینایەتیی بەدژی حکومەت یان ئەو بەڵێندەرو وەبەرهێنە هەڵتۆقیوانەدا لەئارادا نەبوو.

بەڵام هەروەها هۆکاری سیاسی هەبوون بۆ شکڵگرتنەوەی ستراکتۆری خێڵەکیی و نیمچە خێڵەکیی، گرنگترینی ئەوانە بریتیبوو لە : هەڵگیرساندنی جەنگی عێراق- ئێران لە ساڵی ١٩٨٠دا و ئەوەی بەدوایدا هات لە نوێبوونەوەی چالاکیی پارتیزانە کوردییەکان بەشێوەیەکی فراوان. لەماوەی ساڵانی ١٩٨٠کاندا، حکومەتی عێراق بەشێوەیەکی سیستماتیک ستراکتۆری خێلەکیی بەهێزکردەوە لەڕێگەی ئەوەی بەلەشکری موستەشارەکان (کوردی غەیرە نیزامی) دەناسرێت. هەروەها ئەوەی پێدەچێت وەک پێکدژێک لەیەکەم سەرنجدا دەربکەوێت ئەوەیە، کە لەکاتی دامەزراندنی ستراکتۆرە شارەکییە نوییەکان بوو کە مەجەمەعاتەکانە. هێزە غەیرە نیزامییە کوردییەکان بۆ ئەوە دامەزرا کە پارێزگاکانی باکوور بپارێزێت و پیویست نەکات هێزی سەربازی نیزامیی لەبەرکانی جەنگەوە بکێشرێنەوە. سەرکردە خێڵەکییەکان دەیانتوانی شوێنکەوتەکانی خۆیان لەپێکهێنانی ئەم میلیشیایانەدا تۆماربکەن و لەو رووەشەوە پاداشتی گەورەیان لەحکومەتەوە وەدەستهێنا. بەڵام هەروەها کەسانی دیکەش کە پێگەیەکی خێڵەکیی دیارییکراویان نەبووایە، دەیانتوانی ئەو پاداشتە بەدەستبێنن ئەگەرەکو ژمارەیەک چەکداریان لەدەوری خۆیان کۆبکردایەتەوە. بوون و دامەزراندنی ئەو جۆرە هێزە میلیشیایانە بووە کارێکی قازانجبەخش. زۆرجاریش ژمارەی ئەوانەی ناونووسکرابوون تاڕادەیەکی زۆر زێدەڕۆیی تێدابوو، هەروەها چالاکانەش رووبەڕووی پارتیزانە کوردەکان نەدەبوونەوە وەک ئەوەی لێیان چاوەڕواندەکرا. بەگوێرەی (ماکدوێل McDowall (1996: 354-7), ) کە لەمەسعود بارزانی وەرگرتووە: حیزبە کوردییەکان

تاڕادەیەک هانی دانیشتووانە لۆکاڵییەکانیان دا پەیوەندی بەو فەوجە غەیرە نیزامییانەوە بکەن. ئەوان مشتومڕیان لەو بارەیەوە کرد کە ناتوانن پارتیزانی دیکە لەنێوخۆیاندا تەیار بکەن. ئەوانەی وەک جاش قەیدبوون، سیستمەکە بڕێکی کەم پاداشتی مادیی پێدەدان، بەڵام لانیکەم لێیان دەبووران کە لەبەرەکانی جەنگ خزمەت بکەن، هەروەها بەپێشاندانی رووپەکی وەفاداریی دەیانتوانی گومانی حکومەت بڕەوێننەوە . لەنێو ژمارەیەکی زۆر ئەو خێڵانەی کە ئەم هێزە غەیرە نیزامییە یان جاشانەیان پێکهێنابوو، هەروەک نەتەوەیی کوردەکان بۆ سوکایەتیی پێیان دەوتن، سورچی و برادۆستییەکان هەبوون، بەڵام هەروەها کەسانی دیکەش هەبوون کە بەبێ بوونی پاشخانی خێڵەکیی بەبوونە موستەشار ناوبانگیان دەرکردبوو، وەک مامەند قەشقەو تەحسین شاوەیس بۆ نموونە. بەمانایەکی دیکە، لەراستیدا، موستەشاریی لەپێکهێنانی پەیوەندییگەلێکی نیمچە خێڵەکییدا بەشداریی کرد.

ئەو کوردانەی لەگوندەکان کۆچێنرابوون، لە موجەمەعاتەکاندا نیشتەجێ کرانەوە، ئەوان لەوێدا بەتەواوەتی لەژیان و گوزەرانی خۆیان دابڕان و بەتەواویی پشتیان لە هاوکاریی دەوڵەت دەبەست. ئەوەش بە پلەی یەکەم لەرێگەی موستەشارەکانەوە، ئەوانەی داوایان لێکرا دەست بەدابەشکردنەوەی خۆراک بکەن و بەوەش زیاتر پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسیان زێدەتربوو، جارێکی دیکەش بە پێدانی پاداشت و دەرفەتگەلی مەزنی گەندەڵیی و مەحسوبییەت.

ئاگربەستی ساڵی ١٩٨٨، بووە هۆی قەیرانیکی ئابووری قوول بۆ عێراق، بەشێوەیەک مەترسی بۆ سەرئەو دەوڵەتە رەفاهە سەرکوتکارە دروستکرد کە لەساڵانی پێشوودا دامەزرێنرابوو. قەرزێکی زۆری دەرەکیش لەسەرشانی حکومەت کەڵەکە ببوو، هەروەها تەسریحکردنی ژمارەیەکی زۆری سەرباز لە سوپا، مەترسی هەڵکشانێکی توندی بێکاریی و نائارامیی کۆمەڵایەتی لەهەناوی خۆیدا هەڵگرتبوو. قووڵیی قەیرانەکە حکومەتی هاندا کە بگلێتە بەرنامەیەکی ریفۆرمی توندەوە، ئەگەر نەوترێ سەرەرۆیانەشەوە، کە بەوە

پێناسەکرا کە چارەسەری شۆکئامێزی ئابوورییە( Chaudhry 1991). ئەوەش بەشێوەیەکی مەترسییدار ئابووری و ژیان و گوزەرانی دانیشتووانی شاری تووشی هەڕەشە کرد، ئەوانەی کە بۆخۆیان بەهۆی خەرجی زۆری جەنگەکەوە لەژێر فشاردا بوون. سەقفی نرخی خۆراکە بنەڕەتییەکان هەڵگیراو ژمارەیەکی زۆر کرێکار دەرکران. پێدەچێت حکومەت هەوڵی ئاراستەی ئەو نائارامییە کۆمەڵایەتییە بەئاراستەی هەڵمەتێکی توندوتیژ بەدژی کرێکارانی بیانی (بەتایبەت میسرییەکان) بگۆڕێت. ئەوانەی ئەمانجێک بوون دەتوانرا بەئاستی بەئاسانی بەهۆی رقلێبوونەوەی خەڵکەکەوە بکەونەبەردەست. لەزستانی ساڵی ١٩٨٨- ١٩٩٠دا، ژمارەیەکی زۆر کرێکاری میسری لەعیراق دەرکران. بەگوێرەی هەواڵەکانی رۆژنامە میسرییەکان لەنێوان ١٠٠٠ بۆ ٢٠٠٠ کرێکاری میسری لەم قۆناغەدا، بەدەستی کوتەک بەدەستە شەلاتییە خۆماڵییەکانەوە کوژراون. پێدەچێت ئەوانە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە فەرمانیان وەرگرتبێت بۆئەوەی بیانترسێنن و ناچار بەرۆیشتنیان بکەن. بەگوێرەی هەندێک شرۆڤەکاری وەک (1991) Chaudhry لەبەرچاوگرتنە ئابوورییەکان، بەتایبەتی گرانی سەختی قەرزە دەرەکییەکان لەسەر شانی عێراق و هەروەها ئەو ناجێگیرییە کۆمەڵایەتییە زادەی ریفۆرمە ئابوورییەکە بوو، لەنێو ئەو هۆکارە سەرەکییانەدا بوون کە وایکرد عیراق لە ئابی ١٩٩٠دا کوێت داگیربکات، پاش ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان گەمارۆیەکی ئابووری خستەسەر عێراق، دەستبەجێ داهاتی نەوتەکە بڕدرا. لەپێناوی هاندانی سێکتەری کشتوکاڵ، هەروەها پتەوکردنی ئابووری خۆژێنیی، ئەو کاتە حکومەت دەستیکرد بەکرێدانی زەوی لەپارێزگاکانی باکوور بەو موستەشارانەی (کە لەشارەکاندا بنکەیان هەبوو). بەوەش زیاتر لە لایەن دەوڵەتەوە بەهێزکران.

بەوەش، ساڵانی ١٩٨٠کان، قۆناغی هاندانی چالاکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە نیمچە خێڵایەتییەکان بوو لەکوردستانی عێراق. بەڵام ئەم پەیوەندییانە ئێستاکە لەفەزایەکی شارەکییدا وەبەرهێنرایەوەو لەسەر

پاشخانێکی ئابووری بەنێودەوڵەتییکراو و بازرگانی. دەی بۆچی ڕژێمی بەعس لەگەڵ ئەو هەموو وتارو بانگەشە سۆشیالیستی و مۆدیرنیستییەیدا، شێوازێکی حوکمڕانیی زیاتر فەرمیترو کەمتر مەحسوبییەتئامێزی پەرەپێنەدا؟! پێدەچێت فاکتەرێکی بنەرەتیی بریتیبێت لە ئاسایشی سیاسی کە سیاسەتی "گوێزەرو تێڵا"یە. هەرچەندە ئەو ئەشکەنجەدانە دڕندانەیەی بەعس دژی نەیارە راستەقینە و گریمانەییەکانی خۆی ئەنجامیدەدەن، دۆکیومێنتکراوە، بەڵام ئەو مەحسوبییەتە کە تەواوکاری ئەم سەرکوتکارییە بوو، تارادەیەک بایەخی کەمتری پێدراوە. لەگەڵ ئەوەش، چەندە حکومەتێک دەتوانێت لەرێگەی تەنیا تۆقاندن و پەرتکردنی دانیشتووانەکەی بەگشتیی فەرمانڕەوایەتیی بکات، ڕژێمی بەعسی عێراق لەگەڵ ئەم وێنەیەی شێوازێکی دەوڵەتێکی سەکوتکاری رووت لەشارو لادێکاندا نایەتەوە. لەشارەکان و دەوروبەری وەک موجەمەعاتەکان، ڕژێم هەوڵیدا وابەستەیی و هەروەها وەفاداریی بۆ دەوڵەت بێنتەئارا لەرێگەی قۆرخکاریی پێدانی مادە خۆراکییەکان و لەهەندێک کاتدا داواکاریی بۆدەسەڵات لەسەر بنەمای خێڵایەتیی تۆکمە دروستبکات. بەواتایەکی دیکە، سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق، لەسالانی ١٩٨٠کاندا، شێوەیەکی مەحسوبییەتی هاندا کە لەسەرەوە سەپێنرا بوو. ئەم پەرەسەندنە بەباشی نەدەگونجا لەگەڵ چەمکە فرە نەتەوەییەکانی تایبەت بە مەحسوبییەت، ئەوەی بە پلەی یەکەم لەدەوڵەتێکی بەهێزدا پەیدا دەبێت. بەهەمان شێوە، لە تاکتیکێکدا کە لەگەڵ دەولەتی عێراق ناکۆکە کە لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی نیمچە تەواوی دەسەڵاتەکان بوو لە دەستی بنەماڵەی گەورەی سەدام حوسێندا، حکومەتی عێراق هەستا بە پێدانی دەسەڵات و ئامرازەکانی هێزە سەرکوت بە خەڵکە لۆکاڵییەکە لەرێگەی جێبەجێکردنی سیستمی موستەشارییەوە، وێڕای ئەوەی وەفاداری موستەشارەکان گومانلێکراو بوو بۆ ئەمن و ئیستخبارات و بەباشی ناسرابوو. کەچی حکومەت چالاکانە لەبەهێزکردنی هێزی لۆکاڵیاندا بەشداربوو.[17]
















تەحسین شاوەیش



مەسعود بارزانی



مامەند قەشقە











داگیرکردنی کوەیت لە ١٩٩٠

## سێیەم : راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و هەوڵەکان بۆ حوکمڕانیی مەدەنیی

لەوانەیە کە کە راپەڕینە جەماوەرییەکەی هەرێمە کوردییەکە کە پاش جەنگی کەنداو روویدا، بەمانای سیاسی شۆڕشێک بێت، بەڵام لەرووی کۆمەڵایەتییەوە، زۆری لەوە هێشتەوە کە هەبوو. لەرۆژانی پاش راپەڕین، لەلایەن گروپە کۆمۆنیستەکان، شورا شارەکییەکان لەهەولێرو سلێمانی دامەزران، بەڵام ئەو هەوڵە بۆ خۆبەڕێوەبەری شارەکیی بەخێرایی بەگەڕانەوەی سوپای عێراقیی، و هەروەها بەهۆی فشاری حیزبەکانی بەرەی کوردستانییەوە، شکستیهێنا. (Schmidt 1994b: 160; cf. Leezenberg 1997b: 53). لەهەمان کاتدا، بەرەی کوردستانی لێبوردنی گشتیی بۆ تەواوی ئەوانە دەرکرد کە هاوکاری حکومەتی پێشوو بوون. لەوەش زیاتر، بەرنامەی هاوکاریی نەتەوە یەککگرتووەکان و ئەوانی دیکە بەو ئاراستەیەدا بوو کە لەموجەمەعاتەکان موستەشارەکان بەکاربهێنن بۆ دابەشکردنی خۆراک. بەوەش هاوکارانی پێشووی حکومەت کە لەو ساڵانەی پێشوودا دەوڵەمەند ببوون ئامادەبوون پێگەی ئابووری خۆیان تەنانەت پاش راپەڕینەکەش پتەو بکەن، وێڕای ئەوەی کە زۆربەیان لەرووی سیاسییەوە پرستیژیان لەدەستدابوو.

بەرەی کوردستانی رووبەڕووی ئەرکێکی نیمچە مەحاڵ بووەوە کە شوێنگرتنەوەو گۆڕینی بنەماکانی دەوڵەتێکی ناوەندگەرای توندی فرەخەرجیی (ئەوە جگە لەگەندەڵیی) بوو، کە بەشێکی گەورەی دانیشتووانەکە پشتی پێ دەبەست. هیوایەکی زۆر بەحوکمێکی زیاتر دیموکراتیش. بەڵام هەڵبژاردنەکانی مایۆی ١٩٩٢، هیچ پاداشتێکی چەسپاوی نوێی بۆ دانیشتووانە نەهێنایەدی. هاوکارییە مرۆییەکان زیاتر لەناوچە لادێنشینەکاندا چڕببۆوەو بەرەو بنیاتنانەوەی گوندەکان و بوژانەوەی کشتوکاڵی خۆژێنیی ئاراستەدەکرا. بەڵام بەتایبەتییکردنی کشتوکاڵ و سەپاندنی رووخسارێکی بارزگانی بەسەردا لەساڵانی

١٩٨٠كاندا، وێڕای ئەو هاوردەکارییەی خۆراک کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوە بیانییە ئێن جی ئۆ کانەوە پاڵپشتیی دەکرا، هەروەها خەرجی زۆری تێچوونی گواستنەوە، وایکرد سەرکەوتنی درێژخایەنی بوژانەوەی کشتوکاڵ ناموکین بێت.[18]

ژمارەیەکی کەمتر لەپرۆژەکانی هاوکاریی، ئامانجیان بەدیهێنانی کارو داهات بوو لە شارەکاندا، ئەوەی هەروەک تێبینییکرا، زۆرینەی دانیشتووانەکە تیایدا دەژیان. هەوڵەکانی رازییکردنی خەڵکی ناو موجەمەعاتەکان بە گەڕانە بۆ گوندەکانیان، دەیتوانی لە باشترین حاڵەتدا بەشێکی کەمی گرفتی کرێکارانی شارەکیی چارەسەر بکات، خراپتربوونی بەردەوامی قەیرانە ئابوورییەکە بووە هۆی پەیدابوونی پێکهاتەیەکی گەورە لە پرۆلیتاریا لەبێکارو ئەوانەی موچەی کەم وەردەگرن. زۆربەی ئەوانە کارمەندو فەرمانبەر بوون و چیدی موچەکانیان بەشی خەرجی پێویستی ژیانی رۆژانەی نەدەکردن، هەندێکی تریشیان ئەوانە بوون کە لە کەرکوک و شوێنەکانی دیکەی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقەوە دەرکرابوون. رووداوە سیاسییەکان بوو هۆی داڕمانی ئەو کەرتە بچووکەی حکومەت، ئەویش بەهۆی گەمارۆی ئابووری نەتەوە یەکگرتووەکان و گەمارۆی حکومەتی بەغداوە، کەرتی پیشەسازی بەتوندیی لەقەیراندابوو، کارگەکان بەرهەمیان کەمببووەوە یان بەتەواوەتی لەکارکەوتبوون بەهۆی کەمیی پارچەی یەدەک و کەمسەی خاوەوە.[19]

لەهەمان کاتدا، سێکتەری نافەرمیی فراوانبوو، لەشارەکاندا ژمارەیەکی زۆر لەفرۆشیاری دەستگێر دەرکەوتن، بەشێکی زۆر لە خەڵک پەنایان بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی ناو ماڵەکانیان برد بۆئەوەی بژێوی ژیانیان دابینبکەن، تەنانەت هەندێک بەشێک لەخانووەکانیان تێکدا بۆئەوەی بەشێوەی کەرەسەی بیناسازیی بیفرۆشنەوە. بەڵام ئاراستەی زیاتر بایەخپێدراو لە ئابوورییە نافەرمییەکەدا، ئەو گەشەکردنە بازرگانییە خێرایەی سەر سنوورەکان بوو. گواستنەوەی نیمچە نهێنی نەوتی عێراق لەرێگەی خاڵی سنووریی ئیبراهیم خەلیلەوە کە لەبندەستی کورددا بوو، تارادەیەکی زۆر چالاکییەکی فرە

گرنگ بوو، بەڵام هەروەها هەرێمەکە بووە زۆنێکی سەرەکیی ترانزێت بۆ قاچاخچێتیی کەلوپەلە تەواوکارییەکان (بەتایبەت جگەرەو خواردنەوە ئەلکهولییەکان و مادە هۆشبەرەکان) بۆ تورکیا، ئێران و عێراق، بەتایبەتی بازرگانی بەقاچاخبردنی پەنابەران بووە کارێکی زۆر قازانجبەخش. ئەوانەی حەزیاندەکرد بڕۆن، بڕی ٥٠٠٠ دۆلاریان دەدایە ئاژانسەکانی سەفەرکردن و هەروەها دەبوو کە سەدەها دۆلار بدەن بۆوەرگرتنی ڤیزەی تورکیا و هەروەها بەرتیل بدەنە بەرپرسە کوردەکانی سنوور.

ئەم جۆرە بازرگانییانە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی سوودی بە کۆمەڵێکی کەم لەخەلک گەیاند کە زیاتر لەڕێگەی تۆڕە حیزبیی و میلیشیاییەکانیەوە دەیانتوانی کارەکانیان بپارێزن. پارتی و یەکێتی زۆر خێرا درکیان بە بایەخی ئابووری بازرگانی سەرسنوورەکان کردو هەردوولایان هەوڵیاندا قۆرخکاریی لەو قازانجەدا بکەن کە دەسەڵاتیان بەسەریدا دەشکا. هەروەها هەواڵی ئەوەش هەبوو، کە چەند تاقمێکی کەم لەوەبەرهێن کە حیزب پشتگیریی دەکردن، کۆنترۆڵی بازاڕی ناوخۆییان کردبوو، بەوەش دەیانتوانی کاریگەریی لەسەر نرخی خۆراک و نەوت و بانزین دروستبکەن. لەماوەیەکی ساڵی ١٩٩٥دا بوو، کە جەلال تاڵەبانی سەرکردەی یەکێتی بەگەشبینییەوە رایگەیاند کە کوردستانی عێراق هاوشێوەی هۆنگ کۆنگ دەبێتە ناوچەیەکی بازرگانیی ئازاد لەرۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا. هەرچەندە، لەراستییدا، نموونەیەک کە لەم ماوەیەدا بۆ کوردستانی عێراق بدۆزرێتەوە تەنیا لوبنانی ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانە کاتێک دارمانی دەسەڵاتی ناوەندیی وایکرد میرەکانی جەنگ و ئەفسەرانی سەربازیی بگلێنە نێو کاری قاچاخچێتییەکی قێزەون و چالاکی تری ئیستیغلالکەرانەو قازانجپەرستانە.

قەیرانە ئابوورییە خراپتربووەکە، نەبوونی قۆرخکاریی توندوتیژیی، بەزم و هەرای یەکێتی و پارتی کە لەمایۆی ١٩٩٤دا فەزایەکی ترس و دڵەڕاوکێ و نائارامیی هێنابووەئارا کە کوشتن و تیرۆری تێدا بڵاوبۆوە. لەکاتێکدا زۆر لەو تیرۆکردنانە هاندەری ململانێ و

ناکۆکیی سیاسی پێوەدیاربوو لەنێوان پارتی و یەکێتیدا و هەروەها بزووتنەوەی ئیسلامییدا، پێدەچوو کە هەندێکیان زیاتر پاڵنەری ئابووری روونتری لەپشتەوە بێت.[20] لەنێو ئەو تیرۆرکردنانەدا، تیرۆرکردنی دادوەرێکی لێکۆڵینەوە بوو کە لەبەرزکردنەوەی داوایەکی یاسایی لەسەر ژمارەیەک کەس کە بەتۆمەتی بەقاچاخبردنی مادەی هۆشبەر لەبادینان تێوەگلابوون. هەروەها جێگری بەڕێوەبەری گشتیی کارگەی جگەرە لەسلێمانی، لەگەڵ بەڵێندەرێکی بیزنسمانی خەڵکی سلێمانی کە لەگەڵ شیوعییەکان هاوسۆزبوو. ( A.I. 1995: 89-98) هەروەها چەندین چالاکی یەکێتییە پیشەییەکان بەشێوەی یەکسان تیرۆرکران، بەتایبەت لەبادینان لەکۆتایی ساڵی ١٩٩٤دا. هەرچەندە، بادینان بنکەو ناوەندێکی نەریتیی پارتی دیموکرات بوو، بەڵام بەهیچ جۆرێک هەژمونی ئەم پارتە بێ رکابەر نەبوو. لەرووی سیاسییەوە، ناوچەکە ناجێگیر بوو، بەهۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە گەریلاکانی پەکەکەو هاتنەناوەوەی ناوبەناوی سوپای تورکیا.

لەگەڵ دارمانی دەوڵەتی بەهێزی بەعس لەساڵی ١٩٩١داو ئەو قەیرانەی ئابوورییەی بەدوایدا هات، بۆ توێژەکانی خوارەوەی دانیشتووانی شارەکیی کە زیاتر پشتیان بە بە (پاریزگارییلێکەر) و مەحسوبییەت دەبەست وەک شوازێک بۆ مانەوە لەژیاندا. حکومەتی هەرێم بەچەندین هۆکار نەیتوانی شوێنی دەزگاکانی حکومەتی بەعس بگرێتەوە، چ جای هێنانەئارای لایەنگریی و وەفادارییی نوێ کە ئەو لایەنگرییانەی بۆ سەرۆک عەشیرەت و شێخ و حیزب هەیە تێی پەڕێنێت. بەڵام ئەم دارمانەی خودی دەوڵەت و ئاسایشی هاوڵاتیان پێکدژە لەگەڵ ئەو دیدەی سەبارەت بە پارێزگارییلێکەرو مەحسوبییەت هەیە وەک شێوەیەک لەناوەندگیریی لەنێوان تاک و دەوڵەتدا. زیاتر پارێزگارییلیکەرە لۆکاڵییەکان تاڕادەیەکی زۆر بۆخۆیان ئەو مەترسیی و قەیرانانەنەیان دەخولقاند کە پاشتر گوایە دەیانویست دانیشتووانەکەی لێ بپارێزن و هەروەها سوودیان لەو پارێزگارییە وەردەگرت کە پێشکەشی دانیشتووانەکەیان دەکرد بەدژی ئەو مەترسییە راستەقینانەی هەبوون یان ئەوانەی خۆیان بۆیان سازاندبوون. حیزبە سیاسییە

سەرەکییەکان کەوتبوونە نێو رکابەرییەکی دژوارەوە بۆ بەدیهێنانی هەژموونی سیاسی، ئەوانەک تەنیا بۆخیان کەوتنە نێو ئەم هەوڵانەی مەحسوبییەتەوە، بەڵکو هەروەها هانی راکێشانی سەرۆک عەشیرەت و پارێزگارییلێکەرانی دیکەشیان دەدا.







ئەمنە سوورەکە سیمبولی تاوانکاریی بەعس





مام جەلال و سامی عەبدولڕەحمان



عەلی بۆسکانی

## چوارەم :هەولێر

هەولێر بەهۆی شوێنەکەی و کارەکتەرە تایبەتییەکانییەوە، مەیدانێکی سەرەکیی و ململانێ بوو نەک تەنیا لەنێوان پارتی و یەکێتیدا، بەڵکو لەنێوان هێزە چالاکە جیاوازەکانی ناوچەکەشدا، بەوەش زیاتر لەهەر شوێنێکی دیکە، چەندین خولیاو ئاراستەی دیارییکراو لەم شارەدا سەریهەڵدا. بەڵام خاڵە سەرەکییەکانی ئەم شرۆڤەکارییە بەسەر شارە سەرەکییەکانی دیکەی کوردستانی عێراقدا جێبەجێدەکرێت.

هەر لەساڵی ١٩٧٤ەوە، هەولێر پێگەو ناوەندێک بوو بۆ حکومەتی هەرێمیی و هەتاوەکو ساڵی ١٩٩٢ش کە دەیتوانی شانازیی بە تاکە زانکۆی هەرێمە کوردییەکەوە بکات. لەپارێزگای هەولێر، بەپێچەوانەی دهۆک و سلێمانییەوە، هیچ زۆرینەیەکی روون بۆ هەرکام لەپارتی و یەکێتی نەبوو. لەهەڵبژاردنەکانی ساڵ ١٩٩٢دا، پارتی ٤٥٫٣% دەنگەکان و یەکێتی ٤٤٫٢% ی بەدەستهێنا ( Hoff a.o. 1992: 29) هەرزوو دەرکەوت حکومەتە مەدەنییەکە بێگاریگەربوو، بەتایبەتی لەرووبەڕووبوونەوەی چەکدارو میلیشیاکانی حیزبەکاندا. لەنیسانی ١٩٩٣دا، کۆسرەت رەسوڵ ئەندامی مەکتەب سیاسی یەکێتی و سەرکردەی پێشمەرگە کە میلیشیا تایبەتەکانی خۆی پاراستبووو بەوەش پێگەیەکی سەربەخۆی بەهێزی بۆخۆی مسۆگەرکردبوو. لەلایەن فوئاد مەعسومەوە وەک کەسێکی مەدەنیی لەپۆستی سەرۆک وەزیران، شوێنی گیرایەوە. [21] هەتاوەکو لانیکەم لە یەنایەری ١٩٩٥دا، کە هێزەکانی یەکێتی تەواوی پارتی و ئەندامانی لەهەولێر شاربەدەرکرد، هەردوو حیزبەکە لەسەر بەدەستهێنانی هەژمونی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە رکابەرییەکی توندا بوون. هەروەها لەرووی ئیتنیکیشەوە، دانیشتووانەکەی هەولێر، زیاتر لەشارەکانی دیکەی سلێمانی و دهۆک فرەرەنگتربوو، ئەو شارە : کورد، عەرەب، ئاسوری و تورکومانی لەخۆگرتبوو. هەرچەندە گرانە بتوانرێت رێژەی ژمارەی ئەم پێکهاتە جیاوازانە دیاریبکرێت، لەکاتی ئێستادا

پێدەچێت زۆرینەی دانیشتووانی شارەکە کوردبن، ئەگەر زۆرینەی هەرە زۆریش نەبن. لەرووی کردارییەوە، هەموو عەرەبکان کە زۆربەیان کارمەندی حکومەتی بەعس بوون، بەهاتنی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢ هەولێریان جێهێشت. ئاسورییەکانیش بەزۆری لەگەڕەکی عەینکاوە نیشتەجێبوون. لەکاتێکدا زۆربەی تورکومانەکان لەگەڕەکە دێرینەکاندا دەژیان و زۆربەشیان لە بژاردەی عوسمانییەکانی پێشوو بوون کە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی لەکاری بازرگانی و پیشەگەریی چالاک بوون. هەروەک پیرەمێردێکی لۆکاڵیی وتی :" تورکمانەکان سەرمایەدارەکانن و کوردەکانیش کرێکارن".[22] تورکومانەکان پرستیژێکی بەرزی کۆمەڵایەتییان هەبوو، بەڵام نفوزێکی سیاسی کەمتر، ئارەزووشیان بەشێوەیەک بوو ملکەچی هەر دەسەڵاتێک بن کە حوکمی بەدەستەوە بێت. هەروەها شارەکە گەڕەکی هەژارنشینی خۆی هەیە، ئەویش تاڕادەیەک بەهۆی سیاسەتەکانی راستەوخۆو مەبەستداری بەعسەوە، وەک موجەمەعەکانی: جێژنیکان، بەحرکە، دارەتو و بنەسلاوە کە چەند میلێک لە باکوورو باشووری رۆژهەڵاتی شارەکەوەن. هەروەها قوربانییەکانی ئەنفال لەهاونی ١٩٨٨دا، لەچەندین شوێنی جیاوازەوە لێرە نیشتەجێکراون بێ پێدانی هیچ پاڵپشتیی و خۆراکێک (Human Rights Watch 1995: 124-7)

پاش راپەڕینەکەی ساڵی ١٩٩١، لێشاوێکی زیاتری پەنابەران و دەرکراوانی نێوخۆیی روویان لەهەولێرکرد بەتایبەت لەپارێزگای کەرکوکەوە. بەشێک لەمانە لە پەناگای کاتیی نیشتەجێکران کە لەشوێنی چۆڵدا دروستکرابوو یان خزێنرانە نیو باڵەخانەکانی پێشووی حکومەتەوە. پێدەچێت کە کەرکوکییەکان بەشێوەیەکی زێدە لەموجەمەعی بنەسلاوە نێشتەجێکرابن. ئەم خەڵکە پەنابەرە هەڵکەنراوەی نێوخۆ، خەڵکانێکی هەژارو لانەوازیان پێکدەهێناو بوونیان بارگرانییەکی زۆری لەسەر سەرچاوە دەگمەنەکانی شارەکە و ماتەوزەیەکیان بۆ کێشەو ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان پێکدەهێنا. لەهەولێر، هەردوو حیزبە سەرەکییە سیاسییەکە وەک دوو هەرە پارێزگارییلێکەری گرنگ هەڵدەسوڕان. ناکۆکیی و ململانێ

سیاسییەکەی نێوانیان بەژەوەندی ئابووریانی پەردەپۆشکردبوو. حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق لەرووی بەرژەوەندیی چینایەتیی دیارییکراو و جیاوازیی ئایدۆلۆژییەوە زۆر کەم لەیەکتر دوورن، ئەوەشی گوایە پارتی "خێڵەکییە" و یەکێتی" شارەکییە" دەبێت چاومان لەرووی هاوشێوەیی بونیادیی و ستراکتۆری هەردوو حیزبەکە کوێرنەکات. پاش راپەرینی ساڵی ١٩٩١و بەتایبەت پاش سەرکەوتنییان لەهەڵبژاردنەکەی ١٩٩٢، هەردوو حیزبەکە لەپێکهێنانی تۆڕگەلێکی بەرفراوانی مەحسوبییەتدا لەسەر حسابی پەرەپێدانی دیموکراسی، چالاکبوون.

پێش هەموو شت، رەنگە حیزبەکان لەهەرێمەکەدا بووبنە خاوەن کارو دامەزرێنەر، بوون بەپێشمەرگە لەرووی کردارییەوە تەنیا بژارەو وەزیفە بوو بۆ ژمارەیەکی زۆرلە گەنجانی بێکار. هەروەها حیزبەکان کەسوکاری پێشمەرگە شەهیدەکانیان لەرێگەی بڕینەوەی موچەی مانگانەوە بەخۆیانەوە لکاندبوو. لەوەش زیاتر، پاش ئەوەی هەردوو حیزبەکە لە هەڵبژاردنەکەی ١٩٩٢ دا، هەر یەکەو پەنجا کورسی پەرلەمانە هەرێمییەکەیان بۆخۆیان برد، مەکتەبی سیاسی حیزبەکان دابەشکردنی یەکسانی کابینەی وەزاریان سەپاند، هەروەها لەراستییدا، لەتەواوی پۆستە نوێیە ئیدارییەکانی دیکەش. بەتایبەتی لە ریزەکانی پۆلیس و مامۆستایان. سیاسەتی فیفتی-فیفتی، پێگەی هەردوو حیزبەکەی لەکۆمەڵگادا بەهێزکرد. پارلەمان و حکومەت تەنیا لەپیاوەکانی پارتی و یەکێتی پێکدەهاتن. لەدانیشتنێکی پارلەماندا لە ئابی ١٩٩٤دا، لەلایەن نوێنەرانەوە هەردوو سەرکردەی حزبەکە بەتوندیی رەخنەکران بەهۆی ئاکاریانەوە کە نەیانتوانیوە ململانێی چەکدارییان بۆ هەتاهەتایە وەلابنێن. هەڵگیرساندنی شەڕی ناوخۆ لەمایۆی ئەو ساڵەدا، نەک هەر تەنیا رکابەری و ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی هەڵکشان، بەڵکو هەروەها کاریگەریی لەسەر زێدەبوونی ناهاوسەنگیی هێزو دەسەڵات هەبوو لەنێوان دەزگا هەڵبژێردراوەکان و مەکتەبی سیاسی حیزبەکان.(Leezenberg 1997b; cf. Aytar 1995) .

زۆربەی هێزەکانی دیکە، دەرفەتی کەمتریان لەبەردەستدابوو بۆ ئەم جۆرە مەحسوبییەتە، تەنیا بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق ئەو لایەنەی دیکە بوو کە سەرکەوتنی گەورەی بەدەستهێنابوو لە تەیارکردنی دانیشتووانە شارەکییە هەژارەکە، بەوابەستەکردنیان بەخۆیەوە لەرێگەی هەندێک چالاکی خێرخوازییەوە.

بەدەر لەو دەرفەتانەی کار لەبواری پێشمەرگایەتیی و فەرمانبەریی کە بەحیزبەکانەوە پەیوەستبوون، ئەم حیزبانە بۆئەوەی وەک هەوڵێک بنکەی جەماوەری خۆیان فراون بکەن، هەستان بەشێوەیەکی گشتیی خۆیان گرێدا بە موستەشارە کۆنەکانی بەعس و سەرۆک عەشیرەتەکانەوە. هەر لەساڵی ١٩٩١بەرەو سەر، ئەو دوو حیزبە کەوتنە رکابەرییەکی توند بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ کەسایەتییە دەسەڵاتدارو لۆکاڵییەکان، جا سەرۆک عەشیرەتەکان بن یان ئەوانەی کە لەساڵانی ١٩٨٠کاندا پێگەی گرنگیان وەدەستهێنابوو. حیزبەکان بۆ بەئامرازکردن و سوودلێوەرگرتن لەتۆڕەکانی مەحسوبییەت، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەو ناوەندگیرە دەسەڵاتدارە نێوخۆییانەی بەهێزکردن، هەرچەندە ئەم وەفادارییەی بەو شێوەیە دروستبوو تاڕادەیەک لەبەردەم مەترسییدا بوو. رێکەوتی وا هەبوو کە بەشێک لەعەشیرەتێک لەگەڵ یەکێتی و بەشەکەی تریان لەگەڵ پارتی دەکەوتن (تەنانەت هەندێک لەعەشیرەتەکان لەهەمان کاتدا پەیوەندیی خۆیان لەگەڵ بەغداش دەپاراست) هەروەها خێڵ و عوشیرەتەکانیش توانای ئەوەیان هەبوو هەڵوێستی خۆیان بەئاسانیی بگۆڕن، کاتێک هەستیان دەکرد کە لایەنەکەی دی شتێکی زیاتری هەیە پێشکەشیانی بکات. ئەم سەنگەر گۆڕینە چەندین جار دەبوو هۆی هۆکاری هەڵگیرساندنی شەڕو پێکدادانی گەورە لەنێوان پارتی و یەکێتیدا. بەم شێوەیە شەڕی ناوخۆ لە مایۆی ١٩٩٤دا، لەنێوان هەردوولادا هەڵگیرسا، بەهۆی ناکۆکیی لەسەر پارچە زەوییەک لەقەڵادزێ، لەنێوان موڵکدارێکی خێڵەکیی و جووتیارانێکی ناخێڵەکیی. بەهەمان شێوە لە نۆڤەمبەری ١٩٩٤دا، ئەو راستییەی کەبەشێک لەعەشیرەتی هەرکی، سەنگەری خۆیان لەنێو پارتییەوە گۆڕی بۆناو یەکێتی، ئەوەش رووداوێکی

سەرەکیی بوو بۆ ئەو شەڕەی کە دواتر بۆ کۆنترۆڵکردنی هەولێر هەڵگیرسا.[23] (Leezenberg 1997b: 66; cf. McDowall 1996: 386-7). بەگشتیی، بۆ سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکان سوودی زیاتر لەوەدا بوو کە پێگەیەکی دژبەیەک لەنێوان هەردوو حیزبەکەدا بپارێزن.

لەنێوان پارتی و یەکێتیدا، بەدەگمەن جیاوازییە ئایدیۆلۆژییەکان و کاری چینایەتیی لەبنەڕەتدا رۆڵێکی گرنگی لەرکابەری سیاسی نێوانیاندا بینیوە لەپێش هەڵبژاردنەکەو پاش ئەویش. زۆر لەحیزبە کۆمۆنیستەکان ئۆفیسیان لەهەولێر هەبوو وەک (حیزبی شیوعی عێراق ، حیزبی زەحمەتکێشان، هەروەها چەند گروپی کۆمۆنیستی جیابۆوەی دیکەی وەک پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان و رەوتی کۆمۆنیست) بەڵام ژمارەی ئەوانە ئاماژەیە بۆ ئەو کارەکتەرە وەهمییەی کە ئەم هێزانە هەوڵی ئەنجامدانی کاری یەکگرتوو بدەن بەقازانجی چینە هەژارەکان. هەندێک لەم پارتانە وایان بەباش زانی کە بۆ زێدەکردنی نفوزی سیاسی خۆیان ، خۆیان لەگەڵ هەڵوێستی زلحیزبەکان بگونجێنن.[24]

تەنانەت پارتی پارێزگارانیش کە حسێن ئاغای سورچی سەرکردایەتی دەکردن و لەلایەن بریتانیای مەزنیشەوە پاڵپشتیی سیاسی و رێکخراوەیی دەکرا، زۆر بە زەحمەت دەتوانرێت بوترێت کە لەسەر بنەمای چین دامەزراوە. وێڕای ئەو راستییانەی کە دەوترا ئامانجی سیاسی سەرەکی راگەیاندراویان بریتیە لە پاراستنی رۆڵی سیاسی سەرۆک خێڵەکان. هەروەها بەشێوەیەکی بایەخدار، راکێشانی وەبەرهێنانی بیانییش. ئەو پارتە بەشێوەیەکی سەرەکی لەو سەرۆک خێڵ و عەشیرەتانە پێکدەهات کە پێشتر موستەشاربوون و نەیاندەتوانی یان حەزیان نەدەکرد خۆیان بدەنە پاڵ پارتی یان یەکێتی.

هەردوو حیزبەکە رۆڵێکی گرنگیان لەژیانی گشتییدا لەهەولێر بینی، هەردووکیان لە ئیستغلالکردنی نەهامەتییە ئابوورییەکانی دانیشتووانەکەی هەولێردا، بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان، چالاکبوون (ئەمە بەشێوەیەکی هەندەکیی هاوجوتتبوون لەگەڵ

پاڵپشتیکاره بێگانەکانیان). بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق لەلایەن ئێران و سعودی عەرەبییەوە پشتگیریی دەکرا، ئەوانەی بەرنامەیەکی فراوانیان بۆ هاوکاریی منداڵانی بێ باوک لەشارەکان پێکهێنابوو، لەگەڵ ئەوانەشی کە بەخێویان دەکرن. ئەوان خەریکی نۆژەنکردنەوەی مزگەوتەکان و هاندان و بڵاوکردنەوەی پەروەردەی ئیسلامیی بوون. [25] یەکێک لەپارتە تورکمانییەکان کە پارتی نیشتیمانی تورکمانی عێراقییە، پارەیەکی زۆری لەتورکیا وەرگرتبوو و بەئاراستەی کارکردن لەگەڵ خاچی سووری تورکیی هەنگاوی دەنا، بۆئەوەی ئەو بانگەشەیەیان بەهێز بکەن کە زۆربەی دانیشتووانی هەولێر پاشخانێکی تورکمانییان هەیە، ئەوان خوێندنگاو پەیمانگای کەلتورییان دامەزراندبوو، هەروەها بەرنامەی هاوکاریی فریاگوزاریی خۆراکیی کراوەیان تەنیا بۆ تورکومانەکان دامەزراندبوو، لەگەڵ ئەوانەش کە ئامادەبوون خۆیان وەک تورکومان رابگەیەنن. لەو رەوشە ئابوورییە فرە خراپەدا، ئەم جۆرە پرۆژانە دەشێت سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێت، لەم دۆخەدا، دانیشتووانە هەژارە شارەکییەکە دەست بۆ یارمەتی هەرلایەک درێژ دەکات کە خۆراک و یارمەتی و پارەی پی بێت.

جگە لەحیزبە سیاسییەکان، لەهەولێر پارێزگارییلێکەری دیکە دەرکەوتن، چەندین وەربەهێنەری شارەکیی جۆراوجۆرو سەرکردە خێڵەکییەکان، لەگەڵ ئەو موستەشارە دەوڵەمەندانەی کە توانیان قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکە بۆ قازانجی خۆیان بقۆزنەوە. ژمارەیەک لەو بەڵێندەرو وەبەرهێنە ناخێڵەکییەی کە سامانەکانیان لەدەورانی بەعسدا نابووە سەر یەک، پێش راپەڕین روویان لە بەغدا کرد، بەلام هەندێکی دیکەیان لەئەنجامدانی چالاکیەکانی خۆیان بەردەوامبوون، ئەمانە لەماوەی ساڵانی ١٩٨٠کاندا، سامانەکانی خۆیان لەرێگەی بازرگانی جگەرەو خواردنەوە ئەلکهولییەکان و خۆراکەوە کەڵەکەکردبوو، هەندێک لەوانە هێشتا ئۆفیسی کاریان لەدەرەوە، بۆنموونە لەتورکیا، هەیە. هەندێک لەو بازرگانانەی پێشتر لەهەولێر بوون، هێشتا لەبازرگانی نێودەوڵەتییدا کاردەکەن. چیرۆکی بازرگانی نیشتەجێی

بەغدا هەبوو کە لەرێگەی ناوچە کوردییەکەو ئێرانەوە، خورمای لەباشووری عێراقەوە هەناردەی قەتەر دەکرد. بێگومان، بەپێشێلکردنی سزاکانی نەتەوەی یەکگرتووەکان، چەندین کەیسی دیکەی ئەم شێوە چالاکییە بازرگانییە بەردەوامە هەیە.

لەپاش راپەڕین، لێبوردنی گشتیی بۆ موستەشارەکان دەرچوو و ئەوان هێزی چەکداری خۆیان پاراست، بەوەش هەندێک لەوانە وەک (میرەکانی جەنگیی لۆکاڵیی local warlords) دەرکەوتن، چ لە شارو چ لەلادێکاندا. هەرچەندە، لەبری قۆرخکاریی توندوتیژیی، هەرەیەکە لەپارتی و یەکێتی، بەهۆی رکابەری نێوخۆیان و لەپێناو بەدیهێنانی هاوپەیمانی لەگەڵ ئەوانەدا، پێگەی ئەم جۆرە میرانەی جەنگیان بەهێزترکرد. یەکێک لەناسراوترین و هەروەها دڕترینی ئەو میرە شارەکییانەی جەنگ "مامەند قەشقە" بوو، کە پێشتر پێشمەرگە بووەو دواتر ببووە جاش، ئەو زۆر وریایانە لەنێوان پارتی و یەکێتی مانۆڕی دەکردو هەتاوەکو مرد یان بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە بەتوندیی لەساڵی ١٩٩٥دا بریندارکرا، دەسەڵاتێکی زۆری بەسەر گەڕەکی ئازادییدا لەهەولێر هەبوو. عەلی قەلاب، کە کۆنەموستەشارێکی دیکە بوو، بەهەمان شێوە لەگەل پارتیدا بوو، بەگوێرەی هەواڵێک ئەو لە پێکدادانێکدا لەگەڵ هێزەکانی یەکێتی، کوژرا. بەڵام هەروەها کەسانی دەسەڵاتداری واش هەبوون کە لەگەڵ یەکێتی کەوتبوون، یەکێک لەوانە ناوی فاروق بوو، نازناوەکەی فاقە بوو لەکەسنەزان، ئەوەی کە لەلایەن میلیشیاکانی پارتییەوە کوژران.[26]

بەمانایەکی دی، مرۆ دەتوانێ ژمارەیەکی زۆر لەو بەرپرسانەی حیزب بناسێت کە چالاکانە دەیانتوانی سوود لە ناجێگیریی ئابووری بکەن و سامان و قازانجەکانیان بە بەکارهێنانی ئەو توانا سەربازییانەی لەبەردەستیاندایە، پەرەپێبدەن. بەڵام پەرەسەندنی زۆر بەردەوامی ئەم سەرکردە بچووکە سەربەخۆیانە بەواتای خزانی هەرێمەکەی دەگەیاند بۆ نێو پشێویی پاشاگەردانییەکی کۆمەڵایەتی . درێژەی باسی ئەم میرانەی جەنگ دیارنییە، بەڵام بەگشتی هەروەک چالاکییەکانی باندەکانی تاوانی رێکخراوبوون لەشارەکاندا. هەرچەندە،

هەواڵی لابەلا هەبوون سەبارەت بەو هەڕەشانەی ئەمانە دژی خەڵکی مەدەنیی ئەنجامیان دەدا. بەگوێرەی هەندێک هەواڵی لۆکاڵی، تەنانەت کەیسی پارەکێشانەوەو سەرانەسەندن و هەڕەشەلێکردنی ئاشکراش روویداوە. باندی چەکداریی لۆکاڵی دەچوونە سەر ماڵە دەوڵەمەندەکان و هەڕەشەی کوشتن یان فڕاندنی منداڵ و خزمەکانیان لێدەکردن، کە ئەگەر بڕە پارەیەکی دیارییکراو بدەن ئەوە پارێزراو دەبن. لەکاتێکی ساڵی ١٩٩٤دا، یەکێک لەو باندە چەکدارانە ئاوی لەگەڕەکی ئازادی بڕیبوو، تەنیا ئەو کاتە ئاوەکەیان بۆ بەردانەوە کاتێک خەڵکی گەڕەکەکە پارەیەکی مۆڵیان بۆ چەکدارەکان کۆکردبۆوەو پێیان دابوون. پێدەچێت، کە خودی میلیشیای حیزبەکانیش لەکاری سەرانەسەندن و پارەکێشانەوە تێوەگلابن. هەواڵی ئەوتۆ هەبوون کە لەکاتی شەڕە درێژخایەنەکاندا بۆ کۆنترۆڵکردنی رێگەی شارەکان. دەست بەسەر ئۆتۆمبێلی شەخسیدا گیراوە لەخاڵی پشکنین و دواتر بە ئێران فرۆشراوە (لەم ماوەیە لە بەشێک لەسەیتەرەکانی سەر رێگە بەئاشکرا سەرانە دەسێنراو زۆرجاریش نەفەرەکانیان رووت دەکردەوەو پارەو کەلوپەلە گرانبەهاکانیان لێدەسەندن/وەرگێڕ). ئەو شەڕانەی لەهاوینی ١٩٩٤دا هەڵگیرسا، بووە هۆی زێدەبوونی پشێویی و فەوزای گشتیی، هەروەها رێژەی ئەنجامدانی تاوان لەوە زیاتر هەڵکشا. هێزی پۆلیس داڕمابوو، جوڵانەوەی دیموکراتی ئاشوری و شیوعییەکان و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، چەکداری نێوشاریان پێکهێنابوو کە لەشەودا پاسەوانی هەندێک لەگەڕەکەکانیان دەکرد.[27]



قەڵای هەولێر





مام جەلال و کۆسرەت رەسول



فوئاد مەعسوم



رابەرانی بزوتنەوەی ئیسلامی





حسێن ئاغای سورچی



عەلی نەبی فەرماندەی سەربازی یەکێ

## پێنجەم : نارەزایەتیی شارەکیی و کۆتۆبەندەکانی

لەبەرامبەر هەردوو حیزبەکەو میرەکانی جەنگدا، نارەزایەتیی شارەکیی لاوازو بێکاریگەر بوون، جوڵانەوەی رێکخراویی ناڕازیی جۆراوجۆر هەبوون، کە لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای حیزبایەتیی یان سەر بەحیزبی سیاسی نەبوون و لەڕاستییدا دژی بەرژەوەندیی حیزبەکان بوون، بەڵام بەتەواویی رووبەڕووی شەڕێکی نابەرابەر بوونەوە. زانیاریی زۆر کەم سەبارەت بە چالاکییەکانی ئەمانە هەیە، بەدیارییکراوی ئەوان هەوڵیان دەدا لەدەرەوەی تۆڕەکانی حیزبە سەرەکییەکان کاربکەن. لەباشترین حاڵەتدا، ئەوان سەر بە حیزبە بچووکەکان بوون، ئەوانەی بە شێوەیەکی گشتیی، زیاتر لە پارتی و یەکێتی، خەمی گێڕانەوەی پارلەمان و حکومی مەدەنییان هەبوو (لەرووەشەوە بزوتنەوەی ئیسلامی و بزوتنەوەی تورکومانی).[28] بەگشتیی، کەمبوونی توندیی پاڵپشتیی دارایی لەمپەری لەبەردەم پێکدەهێنان، بەوەش، ئەوانە شتێکی زۆریان لەبەردەستدا نەبوو پێشکەش بە ئەندامەکانی خۆیانی بکەن. لێرەدا، دەتوانم تەنیا هەندێک نموونە بخەمە روو.

لەبەرامبەر ئەو ئاستە بەرزەی بێکاریی لەشارەکان کە بەگوێرەی هەندێک گەیشتۆتە ٧٠%، یەکێتی پیشەیی بێکاران لەنۆڤەمبەری ١٩٩٢دا، دامەزرا، بڕوانە( Schmidt 1994a: 170-7; 1994b: 165ff). هەرچەندە، واپێدەچوو بارەگای سەرەکیی لەشاری سلێمانی بێت، بەڵام لەشارەکانی دیکەش چالاکیی هەبوو. ژمارەی ئەندامەکانی نەزانراون، هەرچەندە ئەو بەرژەوەندییانەی کە ئەم یەکێتییە بەرگریی لێدەکرد وایکرد بەبەردەوامیی لەگەڵ حیزبەکانی حکومەتدا تووشی ململانێ و ناکۆکیی بێت. وا پێنەدەچوو کە ئەم یەکێتییە بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتیی تۆکمەی هەبێت، یان پلانێکی کارکردنی هەبێت، بەڵام خەڵک بەهۆکاری بێئومێدیی پەیوەندییان پێوەکردبوو نەک بەهۆی هیچ باوەڕیکی روون بۆ درککردنی مافە کۆمەڵایەتییەکانیان ( Schmidt

.(1994a: 175) هەروەها یەکێتی ئاوارەکان کە لەپێناوی ئاوارە نێوخۆییەکان چالاکیی دەکرد.، پێدەچێت ئەوانیش رووبەڕووی هەمان ئەو گرفتانە بووبێتنەوە.

رێکخراوەکانی ژنان لەکوردستانی عێراق گرفت و ئاستەنگی گەورەیان هاتەپێش بۆئەوەی گەشە بەئاراستەی کارەکانیان بدەن، زۆربەی ئەوانە بەیەکێک لەحیزبە سیاسییەکانەوە پەیوەستبوون. وێڕای ئەوەش، لەسێپتەمبەری ١٩٩٣دا، چەند ریکخراوێک دواکارییەکیان پێشکەشی پارلەمان کرد کە واژۆی زیاتر لە ٣٠٠٠٠ ژنی بەسەرەوە بوو، تێیدا داوای چاکردنی مافە یاسایەکانی ژنانیان کردبوو. هەرچەندە، هیچ کات پێشنیارەکەیان نەگەیشتە پارلەمان، چونکە فراکسیۆنی پارتی و نوێنەرانی پارێزگاران ئەوەیان رەتکردەوە کە تەنانەت گفتوگۆی لەسەر بکەن. لەم کەیسەو ئەوانی دیکەشدا، هەماهەنگی بەرژەوەندییەکانی حیزبەکان و بژاردە کۆنەپارێزەکان بەڕووی ئەو هەوڵانەدا وەستانەوە کە دادپەورەیی کۆمەڵایەتی زێدەتر لەناوچەکەدا لەرێگەی بەدەنە هەڵبژێردراوەکانەوە بێننەدی.

هەروەها، شێوەی جۆراوجۆری ناڕەزایەتیی کۆمەڵایەتی زێدە سنووردارترو زووتێپەڕ بوو. لەنێوان هاوینی ١٩٩٤و زستانی ١٩٩٥دا، چەندین خۆپێشاندانی لەپێناو ئاشتییدا رێکخرا، بەڵام بێهوودە بوون (وەرگێر لەنێو زۆرێک لەو خۆپێشاندانە بەشداربووە و یەکێک لەو خۆپێشاندانانە لەناوەڕاستی هەولێردا لەلایەن کۆمەڵێک چەکدارەوە لە سەر باڵەخانەکەی عیسا عەسافەوە خەڵتانی خوێن کراو ژمارەیەکی زۆریش کوژراو و برینداری لێکەوتەوە/سەردەشتی). لەدانیشتنێکی تایبەتی پارلەماندا سەبارەت بە شەڕەکانی براکوژیی لە هاوینی ١٩٩٤دا، سەدەها کەس لەبەردەم تەلاری پارلەمان خۆپێشاندانیان کرد لەپێناو ئاشتیی و خولقاندنی هەلی نوێی کار. لەهەمان کاتدا، کرێکارانی کارگەکان لەهەولێر (یاخود لانیکەم هاوسۆزو لایەنگرانی حیزبی شیوعی و رێکخراوەکانی دیکە) مانیانگرت. لە مانگی ئابدا، سەدەها ژنیش لە سلێمانییەوە رێپێوانیان بەرەو هەولێر رێکخست . لەیەنایەری ١٩٩٥دا، گرووپیک لە رۆشنبیران هەڕەشەیانکرد کە

بەکۆمەڵ و لەبەرچاوی خەڵک خۆیان بکوژن وەک نارەزایەتییەک دژی ئەو پیکدادانەی کەلەشارەکاندا روویدەدا، کە تیایدا یەکێتی خەریکبوو پارتی لەشاری هەولێر دەربکات. بەگوێرەی رۆژنامەی حەیات کە ناوەندەکەی لە لەندەن بوو، زیاتر لە ١٠٠٠٠ کەس دژی نوێبوونەوەی شەڕ خۆپێشاندانیان کرد، نارەزایەتی جەماوەریی دژی توندوتیژیی و پێکدادانی حیزبەکان بەربڵاوبوو، بەڵام ئەمە هەر دەنگێک بوو، لەوەشدا شکستی کە ببێتە نارەزایەتییەکی رێکخراوی کاریگەر. خۆپێشاندانەکان پشتگیرییەکی جەماوەری زۆری هەبوو، بەڵام لەگۆڕینی هەڵوێستی حیزبەکان شکستیهێنا. ئەو حیزبانەی کە تادەهات زیاتر سەربەخۆدەبوون و هیچ بایەخێکیان بەخواست و ویستی خەڵک نەدەدا.

بەوەش، پێدەچێت زۆربەی زۆری رێکخراوە رێکخراوەکانی نارەزایەتیی شارەکیی، ئامانجی سنووردارو بەرنامەی کورتخایەنیان هەبوو، ئەو رێکخراوانەی بچووک و لاوازبوون. هەرچەندە، ئەوانە باسیان لە مەسەلە ئابوورییەکان دەکرد، بەلام زۆر بەدەگمەن فاکتەری چینایەتیان ئاماژە پێدەدا. هەروەک ئاماژەی بۆکرا، زۆربەی دانیشتووانەکە لەکەرتی حکومیی و تایبەتدا دامەزرابوون و هیچ دیدێکی چینایەتییان پەرەپێنەدا. لەساڵی ١٩٩٤دا، رێژەی بێکاریی لەشارەکاندا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هەڵکشا، هەروەها ئەوەش وایکرد کە پشتبەستن بەئابووری نافەرمیی و مەحسوبییەت و پارێزگارییلێکەر زیاتر بێت. لەوەش زیاتر، جوڵانەوە مارکسییە-لینینییەکان لەهەرێمەکەدا، بۆخیان پەرت و دابەشبوون، هەروەک لەسەرەوە تێبینیکراوە، لایەنگریی حیزبیی یاخود بەشدارییکردن لەو چالاکییانەی لەلایەن حیزبێکی دیارییکراوە رێکدەخرا، کاریگەری هۆکاری جیاوازی دیکەشی لەسەربوو، نەبوونی توانای ماددیی و فەزای هەڵکشانی توندوتیژیی سیاسی کە تیایدا دەستڕاگەیشتن بەمیدیا یان هۆکارەکانی راگەیاندن بەتوندیی سنووردارببوو. ئەوەش وایکرد، کە بۆ جوڵانەوەکە زەحمەت بێت پیگەی زێدەتر کاریگەریان دەستکەوێت و دەنگیان لەجیهانی دەرەوەدا ببیسترێت.


بەوەش شێوازەکانی کاری کۆمەڵایەتی لەکوردستانی عێراق ئاستی جیاوازی مەحسوبییەتی گرتەخۆ، تاکەکان دەیانتوانی دەیانتوانی یان دەبوو بەدوای پاڵپشتیی وپارێزگارییلێکەری سەرۆک خێڵەکان یان وەبەرهێنەرانی شار، یان راستەوخۆ لەلایەن حیزبە سیاسییە سەرەکییەکانەوە وەربگرن. تاڕادەیەک، سەرۆک خێڵەکان لەگەڵ یەکێک لەحیزبەکاندا بوون و رۆڵ و ئەرکی ناوەندگیرییان دەبینی (بۆنموونە بۆ کارتێکردن لەسەر ئاکاری هەڵبژاردنەکان لەساڵی ١٩٩٢). بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی، ئەم ناوەندگیرییە زیاتر بە سوودو قازانجی بژاردە کۆن و تازەکە بوو هەتاکو ئەوەی بەقازانجی خەڵک بێت. بەگشتیی هەتا ئەوکاتەی ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی بەردەوامبێت، زۆربەی سەرۆک خێڵ و عەشیرەتەکان، چ لەشارو چ لەلادێکاندا، دەتوانن پارێزگاریی لەپێگەی هێزو دەسەڵاتی خۆیان بکەن. داڕمانی دەسەڵاتی دەوڵەت، بووەهۆی پاشەکشەی زیاتری ئەرکی ناوەندگیریی خێڵەکان، هەرچەندە ئەم شێوازە لەساڵەکانی بەرایی بەعسیشدا روون بوو، بەپێچەوانەی ئەوەوە، تەواو هەڵسوڕانە ناوەندگیرییەکان لەماوەی شەوو رۆژێکدا ون نەبوو. وەک تێبینی کرا، چالاکییە سەرەکییەکانی پیاوەکانی وابەستەکانی حیزب و خێلەکیی و پارێزگارییلیکەرەکانی دیکە، بریتیبوو لە : کەڵەکەکردنی سەرمایە. هەربۆیە، دامەزراندنی هەرێمێک لەبن کۆنترۆڵی کوردییدا، بووەهۆی هێنانەئارای هێزو ئیمکانیەتێکی بێوێنە. لەهەموو جۆرە چالاکییە ئابوورییەکاندا (قاچاخچێتیی بە کاڵاو و مرۆڤەوە، بازرگانی بەمادە خۆراکییەکانەوە، وەرگرتنی تەندەرو گرێبەستەکانی ئاوەدانکردنەوە) ستراکتۆری حیزبیی و وەفادارییە خێڵەکییەکان، تایبەتمەندو قازانجێکی بەرچاوی رکابەرییانەی گەورەی خولقاند.

خۆپیشاندانی کرێکارانی دەواجن ١٩٩٢





خۆپیشاندانی کرێکارانی دەواجن ١٩٩٢




خۆپیشاندان بۆمافی کرێکاران بەبۆنەی ١ی ئایارەوە



خۆپیشاندان دژی تیرۆرکردنی رەئوف ئاکرەیی لەساڵی ١٩٩٣

## ساڵی ١٩٩٦ و پاشتر : دەسەڵاتی خێڵەکیی جڵەوکرا؟

لەم دەستەو تاقمە سیاسییە نوییەدا، حکومەتە هەرێمییەکە لاوازو بێکاریگەر دەرکەوت، حیزبە سەرەکییەکان پەنایان بۆ توندوتیژیی برد. هەروەها بەشێوەیەکی زێدەش شەڕە توندوتیژەکەیان ئامانجی مەدەنیی گرتەوەو بووەهۆی کەوتنەوەی قوربانی لەنێو خەڵکە مەدەنییە. بۆنموونە، لەشەڕەکەی لای خاڵی پشکنینی کەسنەزاندا لەکەناری هەولێر، خەستەخانەی رزگاری بەتوندیی زیان پێ کەوت، هەروەها تاڵانکردنی کەلوپەل و ئامێرەکانی خەستەخانەکەو ماڵەکانی دەوروبەری روویاندا.وێڕای ئەوەی کە یەکێتی، لەیەنایەری ١٩٩٥دا، پارتی لەهەولێردەرکرد، کەوتە قۆناغێکی باشترەوە بۆئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر قۆرخی توندوتیژیی بکات لەشارەکەدا، بەوەش پێدەچوو کە لەئاکامدا، پێگەی میرەکانی جەنگ لاوازبێت. پێدەچێت کە هەڵمەتێکی سەرکوت دژی هەندێک لەچالاکیی تاوانی رێکخراو هەبێت، هەروەها پێدەچوو زۆربەی ئەو پیاوە بەهێزانەی لەسەرەوە ئاماژەیان بۆ کرا، لەم ناوچەیەدا یان کوژران یان دەرکران. بەروونیی، بەدەستهێنانی دەسەڵات لەلایەن یەکێتییەوە مەیدانی لەمیرەکانی جەنگ بەرتەسک کردەوە مانۆڕ لەنێوان ئەو دوو زلحیزبەدا بکەن کەلەسەر دەستبەسەرداگرتنی شارەکە لەکێبڕکێدا بوون . ئەم پرۆسەی چەسپاندنی جێگیرییە لەهەولێر، لەراستیدا لەهەرێمە کوردییەکەدا، تارادەیەک لەپاش رووداوەکانی ئاب و سێپتەمبەری ١٩٩٦دا، بەردەوامبوو، هەندێک لەسەرچاوە بێلایەنەکان و هەڵسوڕاوانی خزمەتگوزارییە مرۆییەکان دەڵێن کە حوکمڕانی پارتی بەسەر هەولێردا لەرووی شایستەییەوە لەحوکمڕانی تاکە حیزبی یەکێتی باشتر بوو، بەڵام ئەم قسانە پێدەچێت زەحمەت بێت کە بسەلمێنرێت.

ئەو پشێویی و پاشاگەردانییەی لەنێوان ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٦دا هەبوو، پاڵی بە حیزبە سیاسییەکانەوە نا تاوەکو لەگەڵ هەندێک لە

عەشیرەتە گەورەکاندا، کە سەربەخۆیی خۆیان پاراستبوو، تووشی شەڕی چەکداریی ببنەوە. هەرچەندە، ئەم ناکۆکییانە بەڵگەی بوونی خواستی هیچ حیزبێک نەبووە بۆ جڵەوکردنی خێڵ و عەشیرەتەکان وەک ئامانجێکی ستراتیژیی بەشێوەیەکی گشتیی. سەرۆک خێڵەکان خواستێکی درێژخایەنیان بۆ دەسەڵاتخوازیی هەبوو، جیاوازبوون لەو میری جەنگانەی کە زۆربەیان لەسالانی ١٩٨٠کانەوە پێگەو دەسەڵاتیان هەڵکشابوو. عەشیرەتی سورچی یەکێکە لەگرنگترین عەشیرەتەکانی پارێزگای هەولێر، کە بەئاکاری توندوتیژیی تایبەت لەشارەکەدا نەناسرابوو. بەڵام بەهۆی سامانەکەیەوە لەماوەیەکی درێژدا هێزیکی سیاسی گرنگ بوون. ئەوان لەپاش ساڵی ١٩٩١، رۆڵێکی گرنگیان لەپارتی پارێزگاراندا بینی. لەساڵانی ١٩٨٠کاندا، سەرۆکەکانی عەشیرەتی سورچی لەڕێگەی چالاکیی بازرگانیی و پرۆژەکانی بونیاتنان دا، سامانێکیان پێکەوە نابوو. هەروەها لەڕێگەی دابینکردنی ژمارەیەکی زۆر هێزی چەکداری کوردیی غەیرەنیزامیی بۆ حکومەت. هەروەها ئەوان ئۆفەریان لەحکومەتەوە وەرگرت بۆ پرۆژەکانی بنیاتنان، کە ئەوانیش لەلای خۆیانەوە دەیاندا بە کەسانی دیکە، لەکاتێکدا بۆخۆیان بڕێک پارەی مۆڵیان وەردەگرت. ئەوان لەپاش راپەڕین، هەستان بەکڕینی کەلوپەلەکانی بەنداوی بێخمەو بەقازانجێکی زۆر بەئێرانیان فرشتەوە. لەکاتێکدا، حسێن ئاغا گرنگترین سورچی، پێدەچوو لەجۆری تری کاری بازرگانیەوە تێوەگلابوو. هەندێک لەخزمەکانی حسێن ئاغا لە چالاکیی بازرگانی نێودەوڵەتیدا چالاکبوون و تەنانەت ئۆفیسیشیان لە لەندەندا هەبوو.

بەڵام نفوزی لۆکاڵی عەشیرەتی سورچی، لەناکاو و بەشێوەیەکی توندوتیژ، چەند مانگێک پێش داگیرکردنی هەولێر لەلایەن پارتییەوە، تێکشکێنرا. لەحوزەیرانی ١٩٩٦دا، هێزەکانی پارتی هێزی سەرەکیی سورچییان لە گوندی کەلەکین لەدەشتی هەریر لەباکووری هەولێر، تێکوپێکدا. ئەوان حوسێن ئاغاو نزیک بە ٣٠ ئەندامی دیکەی عەشیرەتەکەیان کوشت و گوندەکەیان وێرانکردو چەندین ژن و منداڵیان بەبارمتە گرت. لەم کاتەدا میدیا لۆکاڵییەکانی وەک (تورکیش

دەیلی نیوز) ئەم رووداوەیان وەک پێکدادانێک لەنێوان پارتی دیموکرات و پارتی پارێزگارانی کوردستان وەک حیزبێک وەسفکرد.هەرچەندەن وێرای ئەوەی ئاراستەی وردی رووداوەکان هەتا ئیستەش روون نییە، رووداوەکە وەک ئەوە دەرناکەوێت کە رووبەڕووبوونەوەیەکی سیاسی رووت یان جۆرێکی تەقلیدی لەشەڕەتەقەی نێوان عشیرەتەکان بێت. بەگوێرەی چەندین چاودێر، پارتی دیموکرات هاندەری ستراتیژیی و ئابووری روونی بۆ ئۆپەراسیۆنەکەی هەبوو، بەتایبەتی کۆنترۆڵکردنی زێدی نەریتی سورچییەکان کە دەشتی حەریرە، ئەوەی کە بارەگای سەرەکی پارتی لەسەلاحەدین بە بنکە سەربازییەکانێوە لە سپیلک دەبەستێتەوە. هەروەها بەهیوای کۆنترۆڵکردنەوەی دووبارە دابەشکردنەوەی کەلوپەلە پێویستەکان لەچوارچێوەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک کە مانگێک لەوەو پێش لەنێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و عێراق لەسەری رێکەوتبوون. لەوکاتەدا پرۆپاگەندەی پارتی بەو شێوەیەبوو کە سورچییەکان خائین و جاشی بەغدا بوون، هەرچەندە، پارتی بۆخۆی ئەو کات سێ مانگی مابوو بۆ ئەو هاوکاریی و هاوپەیمانییە ئاشکرایەی لەگەڵ سوپای حکومەتی عێراق ئەنجامیدا بۆ داگیرکردنی هەولێر. بەڵام هەروەها بەڵگەی ئەوتۆ هەن کە لەو کاتەدا سورچییەکان خۆیان لەیەکێتی نیشتیمانی نزیک کردبۆوە، ئەو جوڵەیەی کە پارتی وەک هەڕەشەیەکی ئاشکرا لەسەر خۆی لەقەڵەمیدا.[29]

سەرۆک خێڵەکانی دیکە کە لەدەرەوەی چێوەی شارەکاندا مانەوە و خزمەکانیان لەشار بایەخیان بە کارەبارەکانیان دەدا، پێدەچێت هەندێکیان بەردەوامبووبن لەوەی سەرکەوتووانە باڵانسی خۆیان لەنێوان هێزە سیاسییە لۆکاڵییە جیاوازەکاندا رابگرن. بەوشێوەیە، کەریم خانی برادۆست، کە بۆخۆی بەردەوام لە زێدی گوندنیشینی خۆی لەنزیک سێگۆشەی سنووری تورکیا - عێراق- ئێران نیشتەجێ بوو، بەوە ناسرابوو، کە لەگەڵ تەواوی هێزە سیاسییەکان پەیوەندییان پاراستبوو، لەگەڵ پارتی، یەکێتی و هەروەها لەگەل تورکیا و عێراق

و لەگەڵ پەکەکەش. یەکێک لەکوڕەکانی لەپاش راپەڕین لەبەغدا نیشتەجێبوو، لەکاتێکدا کوڕێکی تریانی لەسەر لیستی یەکێتی، ئەندامی پارلەمان بوو، ئەوەی دواییان دەیتوانی سامانەکەی خۆی زێدەبکات لە رێگەی دابینکردنی رێژەیەکی زۆر کەلوپەل بۆ رێکخراوە بیانییە فریاگوزارییە مرۆیییەکان لەکوردستان.

بەوەش لەساڵانی پاش راپەڕینەکەی ١٩٩١، نەک پێگەی دەسەڵات و ئەو سەرۆک خێڵانە کاریگەریی نەرێی لەسەر نەبوو، بەڵکو لەراستییدا، پتەویش بوو. لانیکەم تاوەکو دامەزراندنی دوو زۆنی جیاواز لەیەکتر و بەشێوەیەکی رێژەیی جێگیر لەژێر هەژموونی دەسەڵاتی راستەقینەی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتیمانی یەک لەدوای یەک. ژمارەیەکی زۆر لەسەرۆک خێڵەکان و ناوەندگیرەکانی دیکە، دەیانتوانی هاوسەنگی لەنێوان هەردوو حیزبە رکابەرەکە رابگرن و تەنانەت بۆ قازانجی شەخسیی خۆشیان بەکاریانبهێنن. لەپاش ئەوە، رۆڵیان وەک ناوەندگیرێکی ئابووری لەمەیدانەکەدا هاتبێتەوە مەیدان.

پاش دامەزراندنی دەسەڵاتی کاریگەری پارتی لەهەولێر، سەرەتا لەلایەن یەکێتی و دواتریش لەلایەن پارتییەوە، خراپترین پشێویی شارەکیی رووی لەداکشان کرد. لەراستییدا، هەرێمە بڕێکی کەم جێگیریی سیاسی و ئاسایشی بۆ گەڕایەوە، چەندین هۆکاری جیاواز بۆ ئەم گەشەکردنە هەبوو. سەرەتا، هەرچەندە، نارەزایی زۆر توندی خەڵک بۆخۆی نەیتوانی شەڕی نێوخۆیی توندوتیژو بێوێنە لەشارەکاندا بوەستێنێت، بەڵام ئەوە بووەهۆی زێدەبوونی پاڵپشتیی بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی و پەکەکەو تەنانەت بیرۆکەی گەڕانەوەی رژێمی بەغداش. بەرووی ئەم ئەڵتەرناتیڤانەدا، هەریەک لەپارتی و یەکێتی نەیاندەتوانی چیدی لەوە زیاتر خەڵکەکە پشتگوی بخەن. لەرووی ئابوورییەوە، رێکەوتن و دواتر جێبەجێکردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراک لەنێوان عیراق و نەتەوە یەکگرتووەکان (بەشێکی گەورەی داهاتەکەش بۆ هەرێمەکەی بندەستی کوردان تەرخانکرا) کە مژدەی سەرچاوەی داهاتی نویی دەبەخشی، بەڵام پێویستی بە بڕێک جێگیریی سیاسی و

ئیداریی بوو لەپێناو جێبەجێکردنی پرۆژەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەسەرکەوتوویی. بەمەش حیزبە کوردییە سەرەکییەکان بەرژەوەندیی سیاسی و ئابوورییان لەگێڕانەوەی ژیان و ئاساییکردنەوەی دۆخەکەدا بوو، وێڕای ئەوەی کە ئەم بەرژەوەندییە نەبووە هۆکاری هەوڵی چالاکانەی زێدەتر بۆ گێڕانەوەی ستراکتۆری هاوبەش بۆ حکومەتێکی مەدەنیی هەڵبژێردراو.

لەپاش ئەوەی یەکێتی لە ئۆکتۆبەری ١٩٩٦دا سلێمانی گرتەوە، هێڵێکی جیاکەرەوە دانرا کە تاڕادەیەک جێگیربوو( وێڕای هەندێک پێکدادانی بچووک و چەند دانەیەکی تری گەورە هەتا پایزی ١٩٩٧). پێدەچێت کە هەردوو حیزبەکە لەماوەی ساڵانی ١٩٩٦ و ١٩٩٧دا، درکیان بەوەکردبێت کە لەهەوڵدانیاندا بۆ بەدیهێنانی ئاگربەست قازانجێکی زیاتریان دەستدەکەوێت وەک لەپێکدادانی چەکداریی درێژخایەن. پاش چەند خولێکی دیکەی شەڕ، سەرکردەی هەردوو حیزبەکە لەژێر فشارێکی چڕی ئەمریکییەکان، ئەو رێکەوتنەیان واژۆکرد کە (بەرێکەوتنی واشنگتۆن) ناودەبرێت. لەسێپتەمبەری ١٩٩٨دا، ئەوەی بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی ئاساییکردنەوە بوو، هەرچەندە ئەم ئاساییکردنەوەیە، نەبووە هۆی ئاوەدانکردنەوەی پارلەمانە هەرێمییەکەی پێشوو و حکومەت (لەراستییدا هەر یەک لە دوو حیزبەکە حکومەتی خۆجێی تایبەت بەخۆیان دامەزراندبوو لەناوچەی نفوزی خۆیاندا) بەڵام بەهۆی ئارامیی و جێگیریی رێژەیی، لەکۆتاییدا، هەر دوو حیزبەکە کاریان بۆ ئەوە کردکە شێوازێکی زێدە چالاکترو کەمتر نەیاربەیەک لە حوکمڕانیی تاکەحیزبی دابمەزرێنن. فاکتەری هەرە گرنگ بۆ بێزارکردنی ئەم ئاراستە نوێیە، دەرکەوتنی تاقمە ئیسلامییە نوێیەکان بوون وەک رابیتەی ئیسلامی و یەکگرتووی ئیسلامی، ئەمانە خۆیان لە بزوتنەوەی ئیسلامی بەوە جیاکردەوە کە تاکتیکی کاری چەکداریی رەتدەکەنەوەو جەختیان لەسەر رەوشت و کاری خێرخوازی و پەروەردە کردەوە. جگە لەو بایەخە رەوشتییانە، پێدەچێت هیچ بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری بنەڕەتیی و راستەقینەیان نەبووبێت.

بەگشتیی، جێبەجێکردنی پلەبەپلەی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بە خۆراکی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لەبەهاری ١٩٩٧ەوە دەستیپێکردبوو، بووەهۆی کەمکردنەوەی ئازارو نەهامەتیی دانیشتووانەکە تاڕادەیەکی زۆر. لەڕووی بونیادو ستراکتۆرەوە، هیچ گۆڕانێکی گرنگ لەدابەشکردنی دەسەڵاتی ئابووریدا رووینەدا. ئەم کارو هەڵسوڕانەی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆرجار کەوتەبەر رەخنەی ئەوەی کە لەرووی خەرجییە ناکاریگەرەو ئەگەر گەندەڵیی زۆرە، بەڵام لەوانەیە ئەوانە زیاتر نەبوون لەو فۆرمە عێراقیەی سەرمایەدارییە دەوڵەتییەی لە ساڵانی ١٩٧٠کاندا هەبوو، کە دەتوانرێت بوترێت هەر درێژەپێدان یان بوژانەوەی ئەو فۆرمە بوو. مەترسی سەرەکیی کەبەم بەرنامەیەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گرێدرابوو بریتیبوو لە داتەپینی زێدەتری سێکتەری کشتوکاڵی خۆماڵی و بەردەوامبوونی پشتبەستوویی بە کۆمەکی دەرەکیی.[30] هەرچەندە، واپێدەچێت کە بەرپرسان و پیاوەکانی حیزب زیاتر لەبەرنامەکە سوودمەندبوون، بەڵام هەندێک لەسەرۆک خێڵەکانیش توانیان سوود لەدەرفەتە نوێیەکان وەربگرن لەرێگەی گەڕانەوە بۆ سەر هەمان چالاکی سەرەکیی ئابووری پێشوویان لەساڵانی ١٩٨٠کاندا کە کاری وەبەرهێنانە. بەهەمان شیوە، رێکخراوە NGO کانی پێشوو (کە سەر بەحیزب بوون) بێ هیچ گرفتێک خۆیان گۆڕی بە کۆمپانیای وەبەرهێنانی کەرتی تایبەت کە ئاماژەیە بۆ بەردەوامییەکی بنەڕەتیی. بەڵێندەرو وەبەرهێنەکان وەک ناوەندگیرو دەلاڵی ناوخۆیی خۆماڵیی بە مانا ئابوورییە سنووردارەکەی هەڵدەسوڕان، سەرەتا ئەوان بۆ بەرژەوەندی دەوڵەتی عێراق کاریان دەکردو دواتریش لە بواری هاوکارییە مرۆییە نێودەوڵەتییەکاندا. هەر لە جێبەجێکردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراکدا، سەرچاوەی نوێی لۆکاڵی داهات بەهۆی کارو هەڵسوڕانی نەتەوە یەکگرتووەکان و بەشە لاوەکییەکانییەوە، پەیدابوو. وێڕای ئەوەی رێژەیەکی زۆر لەداهاتەکان بێگومان بۆ حسابی بانکی لەدەرەوە رادەگوێزرا، بەڵام قازانجە گەورەکەی بەشێوەیەکی زێدە کاریگەری لۆکاڵی هەبوو. نیوەی دووەمی ساڵانی

۱۹۹۰کان، گەشەسەندنێکی نوێی لەرووی بنیاتنانەوە بەخۆوە بینی، لەگەل هەڵکشانی چەسپاوی هاوردەکردنی کەلوپەل و کاڵای تەواوکاریی و جوانکاریی، بەتایبەت لەشارەکانی نزیکی سنوور وەک زاخۆو دهۆک.

هێشتا قسەیەکی دیکە ماوە سەبارەت بە هۆکاری شاراوەی ناکۆکیی نێوان پارتی و یەکێتی کە بکرێت،[31] ئەو ناکۆکییەی ناوی (خۆکوژیی) خرابووە سەر، بەڵام هێندەی ئەنجامەکانی بەگشتیی بۆ دانیشتووانەکە کارەساتئامێز بوو، بەڵام شەڕی ناوخۆ لەواقیعدا خزمەتی بە بەرژەوەندییەکانی جووت حیزبەکە کرد. نابێت زێدەڕۆیانە لەدیدێکی شەخسییەوە سەیر بکرێت، ئاشکرایە رکابەری شەخسیی لەنێوان بارزانی و تاڵەبانیدا رۆڵی بینی، بەڵام لەخودی خۆیدا ئەمە بەزەحمەت دەتوانێت شرۆڤەی دژواریی و توندوتیژیی شەڕەکان بکات، بەشێوەیەکی ئاسان، زۆر لەو کەسانە هەبوون کە بەرژەوەندییەکی زۆریان لە هێشتنەوەی ئابووری جەنگدا و لاوازی دانیشتووانەکە و هێشتنەوەیان بە وابەستەیی و ملکەچیی و هەژاریی هەبوو، بۆئەوەی قازانجەکانیان چەند هێندەی دیکە زێدەتربکەن (پەندێکی کوردیی هەیە دەڵێت: دز بازاڕی ئاشوفتەی دەوێ/ وەرگێڕ). تەنانەت هەندێک لە شرۆڤەکارانی نێوخۆیی، ئەوەیان پێشاندا کە هەڵگیرساندنی شەڕی خوێناوی و دژواری نێوخۆ، لەواقیعدا هانی حیزبەکانیدا کە رێگە لە هەڵگیرساندنی ناکۆکیگەلێکی کۆمەڵایەتی گەورە بگرن.( (Ofteringer & Maro1995: 107).

دابەشکردنی قازانجی بازرگانی سنوورەکان یەکێک بوو لەناکۆکییە سەرەکییەکانی نیوان حیزبە کوردییەکان. سەرەتا، داهاتی گومرگ لەنێوان حیزبە کانی بەرەی کوردستانیدا دابەشدەکرا. پاش هەڵبژاردن، هەریەکە لەپارتی و یەکێتی و حکومەتیش بەشێکیان لەو داهاتانە دەبردو حیزبەکانی دیکەیان لەم سەرچاوەی داهاتە دوورخستەوە. لە هەڵگیرساندنی شەڕەکانی مایۆی ۱۹۹٤ەوە، پارتی دەستی بەسەر تەواوی پارەی گومرگی خاپوردا بۆخۆی گرت و یەکێتیش خۆی لە بێ پارەییەکی دژواردا بینیەوە، ئەوەش هۆکارێک بوو وایکرد کە یەکێتی

زیاتر لەپارتی پەرۆشتر بێت بۆ ئاشتی. ئەو رێژەیەکی زۆرتری دانیشتووانی هەبوون، بەتایبەتی ناو شارە سەرەکییەکان کە ژمارەیەکی زۆر کارمەندو موچەخۆری تێدابوون و لەبندەستی یەکێتی بوون. هەرچەندە پاش ئەوەی یەکێتی نیشتیمانی، سەرچاوەی پاڵپشتیی دارایی نوێیان لەئێرانەوە دەستکەوت، توانی هەڵوێستێکی کەمتر سازشکارانە لەحاست پارتی بگرێتەبەر. پارتی لەلای خۆیەوە زانی کە لەرێگەی پاراستنی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ بەغدا، بەرژەوەندی زیاتری هەیە(تەنانەت پارتی لەم ماوەیە یادەکانی هەموو کارەساتەکانی وەک ئەنفال و هەڵەبجەو..هتد لەبیرکردبوون و تاقە دروشمێکیشی بۆ بەرزنەدەکردنەوە/وەرگێڕ) بەتایبەتی بەهۆی داهاتی ئەو نەوتەی کە لەرێگەی مەرزی ئیبراهیم خەلیلەوە دەڕۆیشت، کە دەیتوانی بۆخۆی هەڵبگرێت زیاتر لەوەی کە لەگەڵ یەکێتی دابەشی بکات. حکومەتیش هەر وازی لی بێنە.



حسێن ئاغاو بەشێک لەسەرکردەکانی سورچی



کەریم خانی برادۆست


HABUR SINIR KAPISI
TIR


409

# حەوتەم : ئەنجامگیریی

چەمکی (مەحسوبییەت) لەوانەیە ئاسۆیەکی نوێ لەئابووری سیاسی کوردستانی عێراقدا بێنیتە ئارا، ئەم چەمکە، بەشێوەیەکی رێژەیی، رێگە بە شرۆڤەکارییەکەی شلرۆو سانا دەدات زیاتر لەو وردە دابەشکارییانەی دیکەی وەک : ئیتینکی یاخود دابەشبوونی نێوان نەریتیی و هاوچەرخ یان کلاسیکی و مۆدێرن. ئەگەر ئەم شرۆڤەکارییەی بەردەست بتوانێت ئیدیعای هەر پلەیەکی دروستیی بکات، ئەوە کە گۆڕانکارییەکی جۆری لەسروشتی هەریەکە لەخێڵەکان و حیزبە سیاسییەکان پێشاندەدات، هەرچەندە شێوازەکانی وەفاداریی ئێستاکە تاادەیەکی زۆر چۆن بووە وەک خۆی ماوەتەوە. یاخود بەشێوەیەکی راشکاوانەتر: بژاردە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانی عێراق بەشێوەیەکی بەرفراوان بونیادو ستراکتۆری پەیوەندییە نەریتیەکانیان بەکارهێنا لەپێناوی ئامانج و مەبەستی "مۆدێرن" کە کۆکردنەوەی سەرمایەیە. پێدەچێت چەمکی (مەحسوبییەت) وەک چەمکێکی سەرنجڕاکێش تاڕادەیەکی زۆر بێلایەنانە بێت بۆ پێناسەکردنی جۆری پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کە لەناوچەکەدا لەپەرەسەندندا بوو، لەوانەیە ئاماژەیەکیش بێت بەپێشاندانی سوودی هاوبەش کە لەپراکتیکدا بەشێوەیەکی زێدە نادیارە. بەڵام بەلەبەرچاوگرتنی رەخنەی گلیسنیان/ Gilsenan’s (1977) بۆ پەیوەندییەکانی نێوان (پارێزگارییلێکەر- وابەستە / patron -client ). هەروەها پێدەچێت مەحسوبییەت وا ببینرێت کە بریتییە لە " هێنانەئاراو جەختکردنەوەیەکی کارا لە سەر وابەستەیی لەلایەن ئەوانەوە کە بەرژەوەندییەکانیان لەپارستنی ئەو دابەشبوونە هەنوکەییەی دەسەڵات و سەرچاوەکاندایە." [32]

عەشیرەتگەرایی و خێڵایەتیی لەکوردستانی عێراقدا، مانای بوونی دیاردەیەک نییە لەرابردوو، هەروەها (نیمچە) پەیوەندییەکی خێڵەکیی و عەشیرەتییش نییە نەیار یاخود تەواوکەری دەوڵەت بێت. لەساڵانی

١٩٨٠كاندا، پەیوەندییەکانی مەحسوبییەت خۆی دەرخستەوە، نەک لەپیناوی پڕکردنەوەی بۆشایی کۆمەڵایەتی کە دەوڵەتێکی لاواز جێیهێشتبوو، بەڵکو وەک دەستوەردانێکی چالاکی دەوڵەت. بەهەمانیشێوە، زەحمەتە پێناسەی ئەو مەحسوبییەتە بکرێت کە پاش ساڵی ١٩٩١ هەبوو بەوەی شێوازگەلێک بێت لەنێوەندگریی لەنێوان تاک و دەوڵەتدا، لەکاتێکدا کە دەزگاکانی دەوڵەتە کۆنەکە دارماو بیرۆکراتییەکی نوێ نەیتوانی گەشەبکات. لەگەل رکابەریی نێوان پارتی و یەکێتی، مەحسوبییەتی حیزبیی بەکردار بەدەزگاییکراو بووە شتێکی هەرە قازانجبەخش، یاخود وەک تەنیا بژارەیەک کە مایەی جێبەجێکردن بێت بۆ ئەو کەسانەی کە لەناوچە شارنشییینەکاندا دەژیان. مەحسوبییەت وەک باوە بە "پەیوەندییەکی نافەرمی" ناسراوە، لەوانەیە گوزارەو دەربڕینی "بەدەزگاییکردنی مەحسوبییەت" وەک چەمکێکی ناکۆک دەربکەوێت، بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگیرێتکە پەیوەندییەکانی مەحسوبییەت وێڕای ئاستی کڕانەوەی بەو شێوەیە سەیر ناکرێت کە بەتەواویی شەرعیی بێت. وێڕای ئەوەش، شتێکی زۆر جێگیریش نییە، دەشێت کەسە وابەستەکان لەکاتی درککردن یان چاوەڕێکردنی بەرژەوەندییەکانیان زیاتر لایەنگریی یان وەفاداریی خۆیان بگۆڕن بۆ لایەنەکەی دیکە. دواجار، لەغیاب و نەبوونی بیرۆکرایەتییەکی حکومیی فەرمیی کاریگەرو چالاکدا، ئەوانە قازانجبەخشترین ئامرازی بەردەست و ئامادەن بۆ چنگخستنی پشتگیریی و پاڵپشتیی لەلایەن دانیشتووانەوە.


دکتۆر میشێل لیزەنبێرگ

• ئەم لێکـــــۆڵینەوەیە لەســـــاڵی ٢٠٠٦ دا لەلایەن دکتـــــۆر میشـــــێل لیزەنبێــرگەوە نووســراوەو وەک یەکەمــین بــابەتی بەشــی ســییەم ســەبارەت بە کــوردان یعێــراق لە لە کتێبــی: کــوردان : ناســیونالیزم و سیاســەت لەلەنــدەن و لەلایەن "دار الساقي" بڵاوکراوەتەوە.

[1] ئەجامەکـــانی هەڵبژاردنەکـــانی ســـاڵی ١٩٩٢ لەم بـــاریەوە ئـــاوا دەڵێــت، هەرچەنــدە یەکێتــی نیشــتیمانی هــچ پێشــکەوتنێکی بەرچــاوی لەبادینــان بەدینەهێنــا (یەکێتــی کەمتــر لە ١٠%ی دەنگەکــان و پــارتیش زیــاتر لە ٨٠% هێنــابوو) پــارتی لەنــاوچەی ســلێمانی کە پــێگەی ســەرەکیی یەکیتیــیەو بە زاری سۆرانیی دەدوێن، ٣٠% دەنگەکانی هێنابوو. بڕوانە:
(Hoff a.o. 1992: 29).

[2] هەروەهـــــا لەرووی ئـــــابووری و کۆمەڵایەتییشـــــەوە، زۆربەی نەهامەتییەکـــانی هەرێـــمەکە بەهــۆی فـــاکتەری دەرەکیــیەوەیە، وەک : ئەو گەمـــارۆیەی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکـــانەوە بەســـەر عێراقـــدا بەگشـــتیی ســـەپێنراوە، ئەو گەمـــارۆیە نێوخۆیەشـــی کە حکـــومەتی عێـــراق لەســـاڵی ١٩٩١وە بەسەر ئەو ناوچەیەدا سەپاندوویەتی کە لەبندەسشتی کورددایە.

[3] بۆ شرۆڤەکردنی سیاسەتە لۆکاڵییەکان هەتاوەکو پێش داگیرکردنی هەولێر، بروانە: ;Leezenberg (1997b) بۆزیاتریش سەبارەت بە پەرەسندنە نوێیەکان و ئاراستە درێژمەوداکانی ئابووری هەرێمەکە بڕوانە:
NKS (1996), Leezenberg (2000; forthc.)

[4] بـۆ کـاری گرنگـی رۆژنـامەوانی ی بـڕوانە: ,Schmidt (1994a) Kutschera (1997), Randal (1999); بــۆ کـــاری شــرۆڤەکاری ئەکادیمیـانەش بـۆ نمـوونە بـڕوانە: Gunter (1999), Ibrahim (1999) (دەگڵــی / Dagli (1994)) جەختــی لەشــەڕی نێــوان حیــزبە کوردییەکـــانی عێــراق و پەکەکە لەســاڵی ١٩٩٢دا کــردۆتەوە. هەروەهــا (Aytar (1995), تـــاڕادەیەکی زۆر پێکــدێت لە چــاوپیکەوتن لەگەڵ کەســایەتییەکان، هەروەهـــا خولەکـــانی شـــەڕی نـــاوخۆی لە ســـاڵی ١٩٩٤ لەنێـــوان پـــارتی و یەکێتـــی و بـــزوتنەوەی ئیســـلامی. ئەو بـــابەتە زۆرانەش کە لەلایەن ( Bozarslan 1996) ســـەبارەت بە کوردســـتانی عێـــراق نووســـراون شـــایەنی ئاماژەپێـــدانە

بەهۆی وردیی لیکدانەوەو سەرنجەکانی کە شایەنی بیرلێکدرنەوەن.

[5] بەوەش، بۆ نموونە، ریفۆرمی زەوی لەیاسای ژمارە ٩٠ی ساڵی ١٩٧٥دا، نە بەتایبەتیی و نە بەشێوەیەکی سەرەکیی، پێگەی گوندنیشنە کوردییەکانی نەکردە ئامانج وەک نەتەوەییەکانی کورد ئیدیعای دەکەن، بەڵام هەروەها ئامانجی گۆڕینی بونیادی چینایەتیی کۆمەڵگای عێراق بوو لەرێگەی هاندانی وردە جووتیارو کۆمەڵە هەروەزییە جووتیارییەکان.

[6] لیزەنبێرگ (١٩٩٧) مشتومڕی لەو بارەیەوە کردووە کە چۆن شوناسی ئیتنیکی هەردوو گروپی کەمینەی ئاینی و زمانیی وەک شەبەک و کاکەییەکان، جەختیان لەسەر کراوەتەوە وەک داواکارییەکی رکابەرانەی سیاسی لەپێناو هەژموندا.

[7] بەوەش ئەو بەشەی کەسەبارەت بە ئابووری و کۆمەڵگایە لەساڵی ١٩٥٨دا لە : مێژووی عیراقی کۆماریی ی / Slugglett & Sluglett’s history of republican Iraq (1990) بەشێوەیەکی روون سەبارەت بە تیۆری وابەستەیی بەئاگایە، هەرچەندە بێئەوەی لەم رووەوە دوگماتیک بێت.

[8] لەراستییدا، گەشەکردنی زۆری عێراق و وڵاتانی دیکەی بەرهەمهێنی نەوتیی، جۆرێک لە نائاساییبوون سەبارەت بە تیۆری وابەستەیی پێشاندەدات، کە بەگوێرەی ئەوە وڵاتانێکی تازە پەرەسەندووەو لەئەنجامی گەشەکردنی سەرمایەداریی بە هەژاریی دەمێنیتەوە. بڕوانە : اسماعیل ( ١٩٩٣)/ Ismael (1993) سەبارەت بەکوەیت وەک هاوشێوەیەک بۆ نائاساییبوون.

[9] بەوەش ، حاج / Haj (1997: 146-7; 150) کاتێک بەراستیی رەخنە لەدیدە بنەرەتییەکان دەگرێت سەبارەت بەدابەشبوونی مەزهەبیی و پەیوەندییەکانی نێوان خێڵ و دەوڵەت، پێدەچێت زێدەڕۆیی لەکەیسەکەیدا بکات کاتێک ئیدیعای ئەوە دەکات کە دابەشبوونی خێڵایەتیی و ئیتنیکییەکان لەپێش سەردەمی کۆڵۆنیالیزمدا، قەوارەی نهێنییان پێکنەهێناوە، ئەوانە وەک دەزگا و قەوارەی گرنگ زادەی سەردەمی ماندێتیی بریتانیین.

[10] ئەم ئیدیعایانە لەگەڵ تێبینییەکانی : سیلڤێرسمان / Silverman's 1977) دێتەوە کە دەڵێت: مەحسوبییەت لەخودی خۆیدا چەمکێکی میللە نەک ئامرازێکی تیۆریی و دەشێت کارەکتەری جیاوازی هەبێ بەگوێرەی چێوزە جیاوازە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکە.

[11] ئەم موجەمەعاتانە دەتوانرێت بەشێوەیەکی تایبەت وەک ستراکتۆرێکی شارەکیی لەقەڵەم بدرێت، کە دانیشتووانەکەی بەتەواویی پشتیان بەژێرخانی دەوڵەتیی و کۆمەکیی حکومەت دەبەست.

[12] بۆنموونە، کرێکاری کشتوکاڵی میکانیزەکراو و بەبازرگانییکراو سەربەخۆ نیین لەناوەندە شارەکییەکان لەرووی سامان و دەسەڵاتەوە. جووتیارانی ئەمڕۆ لەکوردستانی عێراقدا زۆربەی جار نیوەکارێکی ئەو موڵکدارانەی زەوین کە بۆخۆیان لەشارەکاندا دەژین.

[13] ئەم سەرنجە گشتییە تاڕادەیەکی زۆر پشتدەبەستێت بە :
Batatu (1978); cf. Stork (1982), Farouk-Sluglett & Sluglett (1990: 215-27).

[14] بەندی ٤٢ی دەستوری ساڵی ١٩٤٧ی حیزبی بەعس ڕاشکاوانە دەڵێت کە : حیزبی بەعس ئامانجی سڕینەوەی جیاوازیی و جیاوگە چینایەتییەکانە.بڕوانە : Ismael 1980: 237) بەڵام وەک Farouk-Sluglett & Sluglett (1990: xv, ch. 7) تێبینیان کردووە: حیزبی بەعس هەرگیز سۆشیالیست نەبووە بەگوێرەی مانای وردی وشەکە.

[15] بەڵگەی ئەوە هەبوون کە وەفادارییە نەریتییەکان لەرووی کارەکتەرەوە گۆڕانی بەخۆوە بینی لەساڵەکانی بەرایی ماوەی کۆمارییدا. بۆ نموونە، شەبەکە لادێییەکان وەک لایەنگری پارێزگارییلیکەرە شارەکییەکانیان لە موسڵ مانەوە، نە لەبەر هۆکاری مەزهەبیی و سێرمۆنییای بەڵکو زیاتر بەهۆی هۆکاری سنووردارتری ئابوورییەوە.

[16] لەراستیدا، Farouk-Sluglett & Sluglett (1990: 249) ئاماژە بەوە دەدات کە سێکتەری کەرتی تایبەتیی کە دەوڵەت پشتگیریی

دەکـات، تـاکە خـاوەن کـارس شـارەکیی بـووە لەم کـاتەدا، بەشـێوەیەک تەنـانەت لە بیرۆکراتییەتە گەورەکەی دەوڵەتیش باڵادەستربوو.

[17] ئەم گەشـــەکردنە لەرووی کـــاتەوە، دەیەیەک پـــێش ئەو ئاراســـتەیە بـــوو کە بە "خێڵگەرایـــی نـــوێ/ نیـــوترایبەڵیزم" نادەبرێـــت، ئەوەی وەک (بـارام / Baram (1997) پێیـوایە لە سـاڵانی ١٩٩٠کـانەوە سـەریهەڵداوە. ئەوەش وەک ئەنجـــــامێکی سیاســـــەتی حکـــــومەتی عێراقیـــــی لە رووبەڕووبوونەوەی گەمارۆ بەردەوامەکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

[18] لەوەش زیـــاتر، ئەو دابەشـــکردنەی خـــۆراک کە دەبـــوو بەشـــێک بێـت لەبەرنـامەی نەوت بەرامـبەر بەخـۆراک کە لەسـاڵی ١٩٩٦دا، لەنێـوان نەتەوە یەکگرتووەکـــان و حکـــومەتی عێـــراق رێکەوتنـــی لەســـەر کـــرا، بەشـێوەیەکی راسـتەوخۆ هەرەشـەی لە پرۆسـەی بـوژانەوەی کشـتوکاڵی کـرد کە زۆ بەزەحـــمەت بەدیهێنرابـــوو. ئەوەش بەهـــۆی راگەیانـــدنی رێکەوتـــنەکە کەبـــووە هـــۆی دابەزینـــی و کـــاڵاو بەروبـــومە خۆراکییەکـــان، ئەوەش هـــانی جووتیارەکانیدا کە برێکی کەمتر تۆ بکرێن بۆ ساڵی داهاتوویان.

[19] بەهەرحـــاڵ ، کەرتـــی پیشەســـازی لەنـــاوچە کـــوردییەکە، گەشـــەکردنێکی کەمتـــری بەخـــۆوە بینـــی لەچـــاو پارێزگاکـــانی دیـــکەی وەک بەغداو بەسرەو نەینەوا بڕوانە: .( Marr 1985: 269-70)

[20] لەهەنـــدێک کاتـــدا، زەحـــمەتە کە هانـــدەرە سیاســـییەکان لە بەرژەوەنـــدییە ئابوورییەکـــان جیـــابکرێتەوە. پێویســـت بەوتـــن ناکـــات کە حکـومەتی عێـراق سـبارەت بە بەشـێکی زۆر لەو کوشـتن و تەقینەوەنـانەدا لۆمە دەکرا.

[21] کۆســـرەت بەخێرایـــی بـــووە پیـــاوی بەهێـــزی شـــاری هەولێـــرو دەوروبەری، هەڵکشـــانی دەســـەڵاتی سیاســـی وایلێکـــرد کە پـــارتی دوای ئەوەی لەهەولێردەرکـــران، کۆســـرەت بەگەنـــدەڵیی گەورە تۆمەتبـــار بـــکەن، ئەوەش تۆمەتێـــک بـــوو کە بە بەردەوامـــی ئاراســـتەی ئەو کەســـانە دەکـــران کە لەدەسەڵاتدا بوون.

[22] (بەتـــاتۆ / Batatu (1978: 48) ئامـــاژە بەوە دەکـــات کە

لەسەردەمی پاشایەتییدا، چوند گوندێکی دەوروبەری هەولێر مولّکی چەند تورکومانێکی شارەکیی بوون.

[23] هەرچەندە، رەهەندە خێڵەکییەکان نابێت لەم ناکۆکییانەدا بەو شێوەیە سەیربکرێن وەک ئەوەی بنەڕەتیترینیان بن. دابەشبوونە خێڵایەتییەکان تەنها یەکێن لەو هێڵانەی کەلینکردن لەکۆمەڵگادا. ئەوەی بۆ بەکارهێنانی ئامانجی دیارییکراو کراونەتە ئامراز. هاوپەیمانییەکی تایبەت لەلایەن حیزبەکانەوە لەگەڵ موڵکداران و هەروەها جووتیارەکان، ناکرێت لەم ناکۆکییە تایبەتەدا وا سەیری بکرێت وەک ئەوەی بەڵگەیەک بێت بۆ جیاوازی ئیادیۆلۆژی .

[24] بەوەش، پارتی زەحمەتکێشانی کە پێی وابوو پرۆلتاریای پیشەسازی نییە، هەربۆیە چینی کرێکاری شیاویش لەکوردستانی عێراقدا نییە. ئەم حیزبە لەگەڵ یەکێتی نیشیمانی بەیەک لیست بەشدارییان کرد. لەپەرتبوونی ساڵی ١٩٩٤دا، دوو لەچوار پارلەمانتاریان بە یەکێتییەوە پەیوەستبوون، پاش ئەوەی تاڵەبانی داوای لەسەرجەم گرووپە گرووپە چەپە شارەکییەکان کرد بە بەرەیەکی پێشکەوتووخوازەوە پەیوەستبون لەسایەی یەکێتی نیشیمانی کوردستان .

[25] هەرچەندە، لەراستییدا بزوتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عێراق چالاکییەکانی خۆی لە دەوروبەری هەڵەبجە چڕکردبۆوە کە بەپێگەی نەریتیی ئەو حیزبە دانراوە. لەساڵی ١٩٩٧دا، پاش ئەوەی بە بەناوەندگیریی ئێران لەگەڵ یەکێتی ئاگربەستیان کرد، حوکمێکی رەهایان لەناوچەکە کرد و شەریعەتی توندی ئیسلامییان سەپاند.

[26] وێڕای کارەکتەری توندوتیژی ئەو، هەواڵی ئەوە هەیە کە یەکێتی دواتر مۆنۆمێتێکی بۆ داناوە. پێدەچێت غەفە لە ئاسکی کەڵە کمیرێکی جەنگی لۆکاڵی دیکە بێت کەلەگەڵ یەکێتی کەوتبێت.

[27] بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە، لەراستیدا، لەلایەن دانشتووانی گەڕەکە دەوڵەمەندەکانەوە پارەیان دەدرایە کە ئەو کارە بکەن.

[28] بەرپرسانی ئەو دوو حیزبەی دوایی، باسی بەدیهێنانی ئاشتی

وئاسـاییكردنەوەیان دەكـرد، بەڵام پێـدەچێت زیـاتر لەخەمـی بەدیهێنـانی ئەجێنـدای سیاسـی خۆیـانەوە بـن، ئەوەی كە بەگێـڕانەوەی پارلەمـانە هەرێمیـیەكە كەمیـان لێـوە دەسـتدەكەوت. شـایەنی باسـە، نـوێنەرێكی بـزوتنەوەی توركومـانی نیشـتیمانی عێـراق، وتـی كە : كۆتاییهێنـان بەشـەڕی پـارتی و یەكێتـی "ئیشـی ئەوان نیـیە"، وێـڕای ئەو ۆاسـتییەی كە دانیشـتووانەكەی هەولێـر كە خـودی ئەوان خۆیـان دەڵـین كە زۆریـنەی توركومـانە، بەشـێوەیەكی دژوار بەهـۆی شـەرەكەوە لەمەترسـییدا بـوون. (چاوپێكەوتن ، ئابی ١٩٩٤).

[29] بـۆ وەسـفكردنی رووداوەكـان لەدیـدی جەوهەرئاغـای كـوڕی حسـێن ئاغـاوە، بـڕوانە: بڵاوكـراوەی هەتـاو، ژمـارە ٤و٥ی حـوزەیران-تەمـوزی ١٩٩٦، هەروەها: McDowall (1996: 451).

[30] بۆ شرۆڤەكردنی گەشەكردن و كۆتوبەندەكان و ئاكامەكانی هاوكارییە مرۆییە لە هەرێمەكە لەیەكەم هەوڵە فریاگوزارییەكانی ١٩٩١ەوە تاوەكو جێبەجێكردنی بەرنامەی نەوت بەرامبەر بەخۆراک ، بڕوانە : Leezenberg(2000)

[31] بـۆ درێـژەی شـرۆڤەكاریی زیـاتر سـەبارەت بەم نـاكۆكییەو هۆكـارە سـەركییەكانی، بـڕوانە: Hetaw, issue 4 &5 (June-July 1996); cf. also McDowall (1996: 451).

[32] پەیوەنـدییەكانی نێـوان "پارێزگـارییلێكەر- وابەسـتە" زیـاتر لەلایەن پارێزگـارییلێكەرەوە وەسـفكراوە، لەكاتێكـدا زانیـاریی لەسـەر چینـی هەژاری شارەكان زۆر كەمە.

## سەرچاوەکان


Amnesty International 1995 *Iraq: Human rights abuses in Iraqi Kurdistan*. Report MDE 14/01/95

Arlacchi P. 1983 *La mafia imprenditrice*. Rome: Il Mulino. English translation (1986):

*Mafia Business: The Mafia Ethic and the Spirit of Capitalism*. London: Verso

Aytar, O. 1995 *Kurdistana bi f.ft.-f.ft. [Kurdistan fifty-fifty style]*. Istanbul: Wesan • n N.jen

Baram, A. 1997 Neo-Tribalism in Iraq: Saddam Hussein’s Tribal Policies 1991-1996. *IJMES* **29**: 1-31

Batatu, H. 1978 *The Old Social Classes and the Revolutionary Movements of Iraq*. Princeton NJ: Princeton University Press

Bozarslan, H. 1996 Le Kurdistan: .conomie de guerre, .conomie dans la guerre. In F. Jean & J.-C. Rufin (eds.) *.conomie des guerres civiles*. Paris: Hachette

Chaudhry, K.A. 1991 On the Way to Market: Economic Liberalization and Iraq’s Invasion of Kuwait. *Middle East Report*, May-June 1991: 14-23

Dagli, F. 1994 *Birakuj.: K.rtlerin i • savasi. [Fratricide: the civil war of the Kurds]*. Istanbul: Belge Yayinlari

Denoeux, G. 1993 *Urban Unrest in the Middle East: A Comparative Study of Informal Networks in Egypt, Iran, and Lebanon*. Albany: State University of New York Press

Edmonds, C.J. 1957 *Kurds, Turks, and Arabs*. London: Oxford University Press

Eickelmann, D. 1981 *The Middle East: An Anthropological Approach* (2nd ed.). Englewood Cliffs: Prentice-Hall.

Farouk-Sluglett, M. & Sluglett, P. 1990 *Iraq Since 1958: From Revolution to Dictatorship* (new ed.). London: I.B. Tauris.

Farsoun, S.K. & Hajjar, L. 1990 The contemporary sociology of the Middle East: An assessment. In H. Sharabi (ed.) *Theory, Politics and the Arab World*. London/New York: Routledge

Gellner, E. & Waterbury, J. (eds.) 1977 *Patrons and Clients in Mediterranean Societies*. London: Duckworth

Gilsenan, M. 1977 Against patron-client relations. In Gellner & Waterbury (eds.)

Gunter, M. 1999 *The Kurdish Predicament in Iraq: A Political Analysis*. Houndmills: Macmillan

Haj, S. 1997 *The Making of Iraq, 1900-1963: Capital, Power, and Ideology*. Albany: SUNY Press

Hoff, R., Leezenberg, M., Muller, P. 1992 *Elections in Iraqi Kurdistan: An Experiment in Democracy*. Brussels: Pax Christi International

Human Rights Watch/Middle East 1995 *Iraq's Crime of Genocide: The Anfal Campaign against the Kurds*. New Haven: Yale University Press

Ibrahim, F. 1983 *Die kurdische Nationalbewegung im Irak*. Berlin: Klaus Schwarz Verlag

Ibrahim, F. 1999 Die Genesis des kurdisch-irakischen Konflikts. In: *Perspectives of southern Kurdistan in a regional and supraregional context*. Bonn: Navend

Ismael, J.S. 1980 Social policy and social change: The case of Iraq. *Arab Studies Quarterly* **2**: 235-48

Ismael, J.S. 1993 *Kuwait: Dependency and Class in a Rentier State* (2nd ed.). Gainesville: University Press of Florida

Kutsch.ra, C. 1997 *Le d.fi kurde; ou le r • ve fou de l'ind.pendance*. Paris: Bayard.

Lapidus, I. 1967 *Muslim Cities in the Later Middle Ages*. Cambridge: Cambridge University Press

Leezenberg, M. 1997a Between assimilation and deportation: The Shabak and the Kakais in Northern Iraq. In B. Kellner-Heinkele a.o. (eds.) *Syncretistic Religious Communities in the Near East*. Leiden: Brill)

Leezenberg, M. 1997b Irakisch-Kurdistan seit dem 2. Golfkrieg. In C. Borck a.o. (eds.) *Ethnizit.t, Nationalismus, Religion und Politik in Kurdistan*. M.nster: LIT Verlag

Leezenberg, M. 2000 Humanitarian Aid in Iraqi Kurdistan. *CEMOTI* 29: 31-49

Leezenberg, M. (forthc.) Refugee Camp or Free Trade Zone? The Economy of Iraqi Kurdistan since 1991. To appear in K. Mahdi (ed.) *Iraq's Economic Predicament*. London: Ithaca Press

McDowall, D. 1996 *A Modern History of the Kurds*. London: I.B. Tauris

Marr, Ph. 1985 *Modern History of Iraq*. Boulder CA: Westview

Maro, R., & Ofteringer, R. 1995 *Kurdistan: Ein Fotobuch*. Berlin: Edition ID Archiv Netherlands-Kurdistan Society 1996 *Iraqi Kurdistan: Political Crisis and Humanitarian Aid*. Report, Amsterdam

Ofteringer, R. & B.cker, R. 1995 Republik der Staatenlosen. Drei Jahre humanit.re Intervention in Kurdistan-Irak. *INAMO-Beitr.ge* 1/95: 34-40 (English version: Iraqi Kurdistan: A Republic of Statelessness. *Middle East Report*, no. 187/188: 40-5)

Randal, J. 1999 *After such Knowledge, What Forgiveness? My Encounters with Kurdistan*. Boulder: Westview

Rassam, A. 1977 *Al-Taba'iyya*: Power, patronage and marginal groups in northern Iraq. In Gellner & Waterbury (eds.)

Roninger, L., & G.nes-Ayata, A. (eds.) 1994 *Democracy, Clientelism, and Civil Society*. Boulder/London: Lynne Rienner Publishers

Rooduijn, M.J. 1987 *Politieke patronage in Zuid-Itali..* Ph.D. dissertation, University of Amsterdam

Schmidt, L. 1994a *Wie teuer ist die Freiheit? Reportagen aus der Selbstverwalteten kurdischen Region 1991-93*. K.ln: ISP Verlag

Schmidt, L. 1994b Neue Wege der Politik und Organisierung: Soziale Bewegungen in den St.dten der kurdisch verwalteten Region im Nordirak. In J. Sp.ter (Hrsg.), *... alles .ndert sich die ganze Zeit: Soziale Bewegungen im 'Nahen Osten'*. Freiburg: Verlag IZ3W

Springborg, R. 1986 Infitah, agrarian transformation and elite consolidation in contemporary Iraq. *Middle East Journal* **40**: 33-52

Stork, J. 1982 State power and economic structure: Class determination and state formation in contemporary Iraq. In T. Niblock (ed.) *Iraq: The Contemporary State*. London: Croom Helm.

United Nations 1995 *United Nations Consolidated Inter-Agency Humanitarian Programme in Iraq: Extension of the Cooperation Programme for 1995-1996*.

Document DHA/95/74, Geneva, March 1995

Wimmer, A. 1995 St.mme f.r den Staat: Tribale Politik und die kurdische Nationalbewegung im Irak. *K.lner Zeitschrift f.r Soziologie und Sozialpsychologie* **47**: 95-113

Wolf, E. 1966 Kinship, friendship, and patron-client relations in complex societies. In M. Banton (ed.) *The Social Anthropology of Complex Societies*. London: Tavistock.